# پیرۆزكردنی شێخانی سۆفی

**سعید مولود نادر** [١]

[١] بەشی مێژوو، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عراق

**پوختە**

سۆفیگەری دەركەوتەیەكی ئایینییە، دیارترین تایبەتمەندی ڕێزگرتن و خۆشەویستی كەسایەتی سۆفییە لەناو بڕواداران و موریدانیدا، تا ئاستی زیادەڕەویكردن لەو خۆشەویستییە و پیرۆزكردنیان. ئەو تایبەتمەندییەش بووە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە و گرنگیپێدانی .

توێژینەوەكە دەروازەیەك و چوار تەوەر لەخۆ دەگرێت، لە دەروازەدا هەوڵمانداوە چەمك و مێژووی پیرۆزكردن بخەینەڕوو، لە تەوەری یەكەمدا، ناساندنی پانتاییەكەمان شرۆڤە كردوە وەك بنەمایەكی سەرەكی. لەتەوەری دوەمدا، ناساندنی سۆفییە وەك كارەكتەری سەرەكی لەو پانتاییەدا، وێناكردنییانە وەك خاوەن هێزێكی ناسروشتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆیانە لەگەڵ زاتی خودا. لەتەوەری سێیەمدا هەوڵمانداوە بەشێك لەكەرامات و سەرگوزشتەی سۆفییان بگێڕینەوە،. تەوەری كۆتاییش، شیكردنەوەی ئەو دەقانەیە، كە بوەتە یاسا و سیستەم بۆ ملكەچ بون و پەیوەستەگی مورید بەرامبەر شێخی سۆفییان لەچوارچێوەی ئادابی سۆفیگەریدا.

لەنوسینی توێژینەوەكەدا گەیشتینە چەند دەرەنجامێك، دیارترینیان ئەوەیە پیرۆزكردنی كەسایەتی سۆفی بنەمایەكی ئایینی هەیە و پەیوەستبوونی سۆفییەكان بەئایینەوە ئەو پیرۆزییەی بەرهەمهێناوە، بەشێكی دیكەی ئەو پیرۆزكردنە دەگەڕێتەوە بۆ خودی سۆفییەكان، بەهۆی ناساندنی سۆفی و سۆفیگەری، گێڕانەوەی بەسەرهات و كەراماتی سۆفییەكانی دیكە.

**كلیلە وشە** پیرۆزی، سۆفیگەری، ئایین، شێخی سۆفی، كلتوور

## ١. پێشەكی

سۆفیگەری بابەتێكی و بەیەكداچوی ئاڵۆزە، تەنها بەند نییە بەئایینی ئیسلامەوە، بەڵكو ڕەهەندێكی مێژویی قوڵی هەیە و مەودایەكی فراوانی لەبەشێكی زۆری ئایینەكان گرتوەتەوە، لەوە دەچێت لەگەڵ دەركەوتنی دیاردەی پیرۆزی لەباوەڕە ئایینییەكاندا سەریهەڵدابێت، چونكە ئەزمونێكی ڕۆحانییە و پەیوەندی بەدەرونی مرۆڤەوە هەیە و شێوازێكی بیركردنەوەیە لەهێزی باڵا، ڕێگایەكە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی ئەو هێزە، كە لە خودا بەرجەستە دەبێت .

هەرچی سۆفیگەری ئیسلامییشە، دیدی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەركەوتە و بنەما ئاینییەكان، هەمان بیركردنەوەی ناسینی هەیە بۆ خودا و جەخت لە ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی دەكات لە گەلیدا.

توێژینەوەكەی ئێمە خوێندنەوەیەكە لەكلتوری بەپیرۆزكردنی شێخانی سۆفی لەسەدەكانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا، وێناكردنی ناسروشتییانەی كەسایەتی سۆفییە لەو دەكەوتە ئاینییەدا و تەفسیركردنی هێز و تواناییانە وەك بونەوەرێكی بالاتر لەمرۆڤ و بەرهەمهێنانی پرۆسەی پیرۆزكردن، ئەمەش بەڕونی لە گێڕانەوە و تۆماركردنی ژیاننامە و چیرۆكە كەرامەتنوێنییەكان و مەناقبی سۆفییەكان دەردەكەوێت، بەڵام ئەوەی گرنگە، لەو پانتاییە ئاینییەدا، وەك حەقیقەتێك سەودای لەگەڵدا دەكرێت و ناتوانرێت نكولی لەو ڕاستییە بكرێت.

بەرهەمهێنانی ئەو پیرۆزییە، ڕەهەندێكی فراوانی هەیە و چەندین توخمی پێكهێنەری

گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان
بەرگی ١، ژمارە ١ (٢٠١٨)
بەرواری وەرگرتن في ٢٣ كانونی دووەم ٢٠١٨؛ پەسەندكرا لە بەرواری ١٦ تەموزی ٢٠١٨ پەپەری توێژینەوەی ڕێكخراو: لە بەرواری ١٢ ئابی ٢٠١٨ بڵاوكراوەتەوە
ئیمەیلی توێژەر : saeed.mawlwd@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © ٢٠١٨ م.ی. سعید مولود نادر گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND ٤.٠

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp24-35

جیاواز بەشدارن تیایدا، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە تەنها ئاماژە بە بنەما سەرەکییەکانی بکەین و لە ناساندن و ڕاڤەکردنی چەمك و مێژوی ئەو بنەمایانە قول نەبینەوە، بەڵکو تەنها وەك بنەمایەك خستومانەتە ڕوو لە بەرهەمهێنانی پیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفی، وەك لە پێکهاتەی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت، کە دەروازەیەك و چوار تەوەر لەخۆ دەگرێت، لە دەروازەدا هەوڵمانداوە چەمك و مێژوی پیرۆزکردن بخەینەڕوو، چوار تەوەرەکەش قسەکردنە دەربارەی ئەو توخمانەی، کە ئێمە پێمانوایە بەرهەمهێنەری سەرەکی پیرۆزکردنی کەسایەتییە سۆفییەکانن لەو پانتاییەدا، لە تەوەری یەکەمدا، ناساندنی پانتاییەکەمان شرۆڤە کردوە وەك بنەمایەکی سەرەکی. لەتەوەری دوەمدا، ناساندنی سۆفییە وەك کارەکتەری سەرەکی لەو پانتاییەدا، وێناکردنییانە وەك خاوەن هێزێکی ناسروشتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆیانە لەگەڵ زاتی خودا. لەتەوەری سێیەمدا هەوڵمانداوە بەشێك لەکەرامات و سەرگوزشتەی سۆفییان بگێڕینەوە، کاریگەری ئەو بەسەرهاتانەمان خستوەتەڕوو لەسەر مورید و شوێنکەوتوانیان. تەوەری کۆتاییش، شیکردنەوەی ئەو دەقانەیە، کە بوەتە یاسا و سیستەم بۆ ملکەچ بون و پەیوەستەگی مورید بەرامبەر شێخی سۆفییان لەچوارچێوەی ئادابی سۆفیگەریدا.

خوێندنەوەی ڕوکەشیانەی ئەدەبیاتی سۆفیگەری، دەستەبەری ئامانجی توێژینەوەکەمان ناکات، بۆیە لەپشت تێفکرین و ڕوانینی بڕوادارانی سەر بەو دەرکەوتە ئاینییە، دەبێت پرسی پیرۆزکردنی کەسایەتی بەرجەستە بکرێت، واتا دەبێت خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ تێگەیشتنی ئەو بڕوادارانە بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی پێگەی کەسایەتی سۆفییەکان دیاری بکرێت و لە پێگە ڕاستەقینەکەی خۆی جیابکرێتەوە. ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە جیاوازە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە مێژوییەکان و تۆمارکردنی ڕوداوەکان، بەڵکو کارکردنە لەسەر بونێکی نامادی، کە ئەویش تێگەیشتن و وێناکردنە لەخەیاڵدانەوە.

بۆیە میتۆدی توێژینەوەکەمان، ئەوەندە گێڕانەوە و داڕشتنەوەی بەسەرهاتەکان نییە، ئەوەندەی میتۆدێکی شیکارییانەیە بۆ هەڵسەنگاندنی دەق و خستنەڕوی بیروبۆچونی خۆمان، دەشێت زۆر سەرچاوەی دیکەش مابن، کە بتوانرێت سودی لێوەربگیرێت و زیاتر توێژینەوەکە دەولەمەند بکەن، بەڵام بەشی زۆری زانیاری سەرچاوەکان دوبارەن و هەمان چەمك و هەمان بەسەرهاتی سۆفییانی دیکەیان تۆمارکردوە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دیاریکراوی مەودای کارەکە نەمانویستوە سەرچاوەیەکی زۆر بەکار بێنین، کە هەمان ئەو گوزارشتانەی تێدایە.

## ٢. دەروازە: چەمك و مێژوی پیرۆز کردن

بەگشتی ئاینەکان وەك دیاردەیەکی کلتوری، بونیادێکی هاوبەش و یەکگرتویان هەیە، هەریەك لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی (باوەڕ، سروت، ئەفسانە) ڕۆلی گرنگ دەگێڕن لەپێکهاتنیدا، لەناو بونیادەکانیشدا باوەڕ کۆڵەکەی سەرەکی فۆرمەلەبونی ئاینە، کە بریتییە لە یەکەم شێوەکانی گوزارشتکردنی کۆمەل، لە ئەزمونی ئاینی تاکەکەسییەوە، لەهەلچونی سۆزییەوە دەردەچێت بەرەو تێڕامانی زەینی، لێرەوە ئەزمونی ئاینی باوەڕ پێکدەهێنێت (مبروك، ٢٠١١: ٤٧)، چونکە باوەڕ ئەزمونە ئاینییەکە ماقول دەکات و ئەرکی ڕێکخستن و بەیاساییکردنی ئەزمونە ئاینییەکە لەئەستۆ دەگرێت، بەمەش عەقلی مرۆڤ بەشداری دەکات لە داڕشتنی چەمکگەلێك لەسەپاندنی ئەزمونە ناوەکییەکە بەسەر جیهانی دەرەکیدا، لەئەنجامدا کەسایەتی و هێزی مەعنەوی بەرهەمدێت، کە هەستکردن بەپیرۆزی کەلەکە دەکات و بەرەو دەرەوەی دەرون دەچێت و شێوازە سەرەتاییەکانی باوەڕ پێکدێت (السواح، ٢٠٠٢: ٤٧-٤٨)، چونکە ئەزمونی ئاینی لەبنچینەدا، ئەزمونێکی عەقلی نییە، ئەوەندەی هەستەکییە، سروشتی ئەو پرۆسەیە ناخوازێت بەلگەیەکی دەستکەوێت بۆ سەلماندن، بەلکو دەیەوێت چێوەیەکی بابەتییانەی بۆ بدۆزێتەوە، تا ڕەوایەتی ماقولیەتی پێبدات (مبروك، ٢٠١١: ٤٧)

دەتوانین بلێین ئاین باوەڕێك نیە لەڕێگەی زانینەوە دەستەبەر بکرێت، لەسەروی ئەمەوەیە، بەڵکو پەیوەستەگییەکی ڕۆحی ئالوگۆڕکراوە، پەیوەندی بە گوێڕایەلی و ملکەچی هەیە لەنێوان باوەڕدار و هێزی باڵا، ئەمەش بەرهەمی ئەزمونی ئاینییە و پەیوەندی بە ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە (جادالله، ١٩٩٠: ٨٦)، دۆرکهایمی کۆمەلناسی ناسراو(١٨٥٨-١٩١٧ز)، جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو باوەڕە ئاینییەکان، بە سادە و ئالۆزەکانییەوە، لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتییەکی گشتی هاوبەش دەرکەوتوە، دوو جیهانبینی دەسەپێنێت بەسەر هەموو شتەکاندا، کە پیرۆزکراوەکان و دونیاییەکانە، پێناسەی ئاین دەکات بەوەی سیستەمێکی بەیەکەوە گرێدراوی نێوان بیروباوەڕ و کرداری پەیوەست بە شتە پیرۆزەکانە، واتا ئەو شتانەی جیاوازن لە ئاساییەکان و قەدەغەکراون، ئەو باوەڕ و کردەوانەش باوەڕدارە ئاینییەکان لەکۆمەلەیەکی مەعنەوی کۆدەکاتەوە (السواح، ٢٠٠٢: ٢٦-٢٧)، لەمەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ ئاین و پیرۆزی کۆدەکاتەوە.

مەبەست لەو گوزارشتە، ئاسانتر تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان ئاین و پیرۆزییە، چونکە دەرکەوتنی ئاینە سەرەتاییەکان دەرئەنجامی سەرهەلدانی پیرۆزییەکانە، دوای ئەوەی مرۆڤ نەیتوانیوە مەودای هێزی کەرەستە پیرۆزکراوەکە دیاریبکات .

بۆیە دەتوانین بڵێین پیرۆزکردن (تەقدیس) بەمانا گشتگیرییەکەی، مێژوەکەی پەیوەستە بەسەرهەڵدانی ئاینە سەرەتاییەکان، چونکە دەستەوەستان بونی مرۆڤ بەرامبەر هێزە باڵاکان و نەتوانینی لێکدانەوەی واقعییانە بۆ ئەو هێزانە، مایەی ملکەچبونی مرۆڤە، لەکاتێکدا نەیتوانیوە پەی بەسەرچاوەکانی ئەو هێزە ببات، کاریگەریشیان بەسەر ژیانەوە هەبوە، بۆیە مرۆڤیان ناچارکردوە بەرامبەریان دەستەوەستان بێت و وێنایەکی پیرۆزیان پێ ببەخشێت، هەروەها ئەو هێزانە، بەبێ جیاوازی، مایەی ترس و سەرسامیش بون، جا چ سروشتی بن، وەك: لافاو، باران، هەورەتریشقە، بومەلەرزە... هتد، یانیش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو سیستەم و ڕێسایانەی فۆرمی پێکەوەژیانی کۆمەلگەیان ڕێکخستوە (قەرەداغی، ٢٠١٢: ١٥-١٦)، بۆیە گەلێکجار سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و داب ونەریت وەك بنەمایەکی ئاینی ڕەچاوکراوە و تاکی پەیوەستکردووە بەخۆیەوە.

ئاینیش پرۆسەیەکە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پێویستی داواکردنی یارمەتی لەهێزێك، کە تواناکەی لەسەروی هێزی مرۆڤەوەیە، ئەو کردارەش باوەڕبونە بەو هێزە باڵایە و ملکەچبونە بۆی (السواح، ٢٠٠٢: ١٦)، یان لەڕوانگەی کۆمەلناسییەوە بریتییە لەکۆمەلێك بیروباوەڕ و دروشم و ئەزمون، کە بیرۆکەی پیرۆزی بەرهەم دەهێنن، کۆمەڵێك بڕوادار لەسەر ئەم بیروباوەڕانە یەکدەگرن و گروپێکی ئاینی پێکدێنن (الخشت، ٢٠٠١: ١٥)، لێرەوە ڕێزنەگرتنی پیرۆزییەکان دەبێتە پێشێلکردنی حەرامکراوەکان و دورکەوتنەوە لە بنەما باوەکانی کۆمەلگە، جا پیرۆزییە ئاینییەکان، یان دابونەریتە باوە کۆمەڵایەتییەکان بێت .

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، کە ئەگەر هێزە سروشتییەکان وەك توانایەکی باڵاتر لە توانای مرۆڤ کاریگەری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەبێت، دەستگرتن و پەیوەستبون

بە یاسا كۆمەڵایەتییەكانیش كاریگەرییەكەی كەمتر نییە، چونكە ئەمیش مایەی سود و زیان بوە و ئاستی پێگە كۆمەڵایەتییەكەی دیاریكردوە، ئەمەش وایكردوە یاسا كۆمەڵایەتییەكان جێگەی ڕێز بن و بەپیرۆز وێنایان بكرێت. (السواح)ی نوسەری بواری ئایینی، جیهانبینی پەیوەندی نێوان تاكی كۆمەڵگا بە ژیانی ئایینییەوە ڕوون دەكاتەوە، پێیوایە تاك هەست ناكات ئەوەندە پەیوەستە بەئایینی كۆمەڵگاكەی، ئەوەندەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرستراوە دیاریكراوەكانی چوارچێوەی ژینگە كۆمەڵایەتییەكەی(٢٠٠٢: ٨٩)، ئەمەش گوزارشتە لەپیرۆزكردنی بەها و نەریتە كۆمەلایەتییەكان هاوشانی بیروباوەڕە ئایینییەكان، لێرەدا دەمانەوێت بڵێین: بۆ تێگەیشتنێكی دروست لە بەرهەمهێنانی پیرۆزكردندا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو مانایانەی كە باوەڕدارەكانی ئەو بوارە، بە فاكتە پیرۆزكراوەكەیان بەخشیوە، نەك خودی بوارەكە فاكتێكی پیرۆز بێت.

پیرۆزی بەشێكە لەكایەی كۆمەڵایەتی، كە تێیدا ئایین و بیروباوەڕ ڕەنگرێژ دەكەن، دانەبڕاوە لەبواری بیروباوەڕی ئایینی و پەیوەندییەكی دورمەودایان بەیەكەوە هەیە، بۆیە كلتوری ئایینی پڕاو پڕە لەپیرۆزی و كایەی پیرۆزكراو، تەنانەت خودی چەمكەكەش پیرۆزكراوە. لەهەمانكاتدا سۆفیگەریش ئەزمونكردنێكە، خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و خاوەنی كلتورێكی فرە ڕەهەندی ئایینییە، لەمەوە كلتوری پیرۆزی دەبێتە بەشێك لە دنیابینی ئەو ئەزمونە و پانتاییەكی فراوانی بیروباوەڕی دەگرێتەوە، چونكە دواجار كلتور سەرجەم بەرهەمە مادی و ڕۆحییەكان دەگرێتەوە، كە گروپێكی مرۆیی لەمێژوی خۆیاندا بەرهەمیان هێناوە، بەشێوەیەك پێناسەكراوە: بریتییە لەسیستەم و بەها و بیروباوەڕی كۆمەڵایەتی و ئایینی و فیكری و شێوازی ڕەفتار و ....هتد، كە لەنەوەیەكەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەكیتر (سەعید، ٢٠٠٠: ٥). ئەمەش بەو مانایەی ئایین بەشێكە لەكلتور، كە پەیوەندی بەخەیاڵدانی مرۆڤەوە هەیە .

سەبارەت بە پیرۆزكردنی كەسایەتی، بەرزكردنەوەی پێگەكەیەتی زیاتر لە ئاستی ڕاستەقینەی كەسایەتییەكە، خاوەنی پیرۆزییەكی وەرگیراوە، بۆیە گوێڕایەڵی و ملكەچی ئەركی شوێنكەوتوەكانییەتی و دەبێت بەردەوام پەنای بۆ ببەن لەمردویەتی یان زیندویەتیدا (لوح، ٢٠٠٢: ٤٥/١).

ئەگەر سەرنج بدەینە نوسراوی سۆفییەكان، بەتایبەت مەناقبی شێخەكان، دەبینین جەخت لە كەرامات و بەسەرهاتی ئەوتۆ دەكەنەوە، كە وێنایەكی ئەفسانناوییان بۆ كەسایەتییەكە دروستكردوە، بەبێ پەیوەستبون بەهیچ كۆتوبەند و دابونەریتێكی كۆمەڵایەتی و ئایینی، چونكە سۆفیگەری هەمیشە لە ڕێگەی بایەخدان بەو میراتە، پێناسەی خۆی دەكات و وەك حەقیقەتێكی ڕەها دەیناسێنێت، بەدوای دەستنیشانكردنی بنەماكانی خۆیدا دەگەڕێت، هەمیشە پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت لەسەر ئاستی برواداریەوە بونەوەرێكی پابەندە و بایەخی ئایینی فەرامۆش نەكردوە، لەم بۆچونەوە توێژەرێك پێیوایە هەندێك لەسۆفییەكان بۆ خۆدەربازكردن لەتۆمەتی بیدعەكاری، هەروەها لەپێناو دۆزینەوەی ڕەسەنێكی شەرعیش بۆ ڕەفتار و بۆچونەكانیان، دەگەڕێنەوە بۆ دەقە بنەڕەتییە ئایینییەكان (قورئان و فەرموده)، تا بتوانێت جیهانبینییەكەی تۆكمەتر بكات و لەلایەن ئەوانی دیكەشەوە كەمترین دژایەتی بكرێت (لەشكری، ٢٠١٣: ٣٧)، تەنانەت سۆفی هەیە لەلایەن شوێنكەوتوانییەوە وێنایەكی ئەوتۆی بۆ كراوە، كە توانای قورئان خوێندنی لەكەسانی ئاسایی زۆر زیاتربوە، لەنێوان نوێژی مەغریب و شێواندا پێنج خەتمی قورئانی كردوە، لەمەش زیاتر شێخی دیكە لە شەوڕۆژێكدا سێ سەد و شەست هەزار خەتمی قورئانی كردوە (الشعراني: ٢٠٠٥: ٤٨٤)، ئەوە گوزارشتكردنە لە وزەیەكی نەبینراوی نابەرجەستە لەكەسایەتی سۆفی، چونكە لەتوانای كەسایەتییەكی ئاسایی نییە ئەو كارانە ئەنجام بدات .

ئەگەرچی فەقیهو شەرعزانێك هەن، كە ئەو تێڕوانینە ڕەت دەكەنەوە و لەگەڵ گروپە ئایینییەكانی دیكە هاوتایان دەكەن (ابن تيمية،٢٠٠٤ : ١١/٤٣١؛ ٣٦٤/١٤)، ئەمەش وای لەنوسەرانێك كردوە پێیانوابێت جیهانبینی سۆفیگەری پیرۆزكردنی وەلی و پیاوچاكانە، تا ئەو ئاستەی لەسەروی پێگەی پێغەمبەرانیش وێنا كراون، دەسەڵاتیان لەهەندێك بواری وەك زیندو كردنەوە، مراندن، دابینكردنی رزق و بژێوی، هاوتای تواناكانی خودان (عبدالخالق، د.ت: ٣٨)

ئێمە نامانەوێت ئەو كارە بچێتە چوارچێوەی گێڕانەوەی سەرو سەربردە و گوتەی گەورە سۆفییان و ببێتە چیرۆكێكی مێژویی، یان لێرەدا پێناسەی كایەی سۆفیگەری بكەین، بەڵكو مەبەستمانە سەرچاوەی پیرۆزكردنی كەسایەتی لەجیهانبینی سۆفییاندا دەستەبەر بكەین، بۆیە پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو بونیادە بكەین، كە ئەو كلتورەی بەرهەمهێناوە.

## ٣. تەوەری یەكەم: ناساندنی سۆفیگەری وەك چەمكێكی پیرۆز

سۆفیگەری ڕەوتێكی ئایینییە، دید و تێڕوانینی سەربەخۆی هەیە بۆ شرۆڤە كردنی بنەما ئایینییەكان، وەك بەشێك لە بیروباوەڕی زۆربەی ئایینە جیاوازەكان، پێناسەی خۆی دارشتوە و مەودایەكی لەپانتایی بنەمای ئەو ئایینانە گرتوەتەوە، شێوازێكی بیركردنەوەیە لەخودا و گوزارشتە لەئەزمونێكی ڕۆحی تاكەكەسییانە، لەڕێگەی ئەو ئەزمونەوە پەیوەندییەكانی لەگەڵ خودا ڕێكخستوە، كەسی سۆفی ویستویەتی لەنێو هەمان سیستەمی كلتوری - ئایینیدا، تێڕوانینێكی تایبەتمەند بەرهەمبهێنێت (لەشكری، ٢٠١٣: ٩)

دەكرێ بڵێین ئەم گوزارشتە بۆ سۆفیگەری ئیسلامیش هەمان فۆرم لەخۆ دەگرێت، چونكە لێرەشدا دەچێتە چوارچێوەی ئەو پێناسەیە و هەمان ئەزمونە ڕۆحییەكەیە، كە لەڕێگەی چەشتن و ئیشراقەوە پەیوەندییەكانی لەگەڵ خودا دەبەستێتەوە، بەو مانایەی هەوڵ و تێكۆشانە بۆ گەیشتن بە پلەی خوداناسین لەڕێگەی هەستی دەرونەوە، ئەو هەستەش، چەشتنە لەڕێگەی دەرونەوە نەك زمان، هەمیش چاوپێكەوتنە (موشاهەدە)، بەڵام بەچاوی دەرون نەك بەچاوی سەر، كە پێی دەگوترێت بەصیرەت (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٦١-٦٣)

ئەگەر بۆ دەستپێكی ئەو ڕەوتە ئایینییە بگەڕێینەوە لە ناساندن و پێناسەكەیدا، بەشێك لەگەورە سۆفییان هەوڵیانداوە بەجۆرێك بیناسێنن، وەك ئەوەی ئەزمونێكی بڵندپایە و پیرۆزی ئایینییە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەكی سەربەخۆ، تا ئامانجە بنەڕەتییە ئایینییەكانی تێدا بەدەستبهێنێت، بەو مانایەی لەناساندنیدا دەیانەوێت لەڕێگەی سیمبول و مەجازاتەوە شێوازێك بۆ ئەركەكانیان دیاری بكەن، تا گوزارشت لە بێخەوشی و پایە بەرزی و پیرۆزییەكەی بكەن. وەك ئەوەی ڕەوتەكە بەڕەوشتی خودایی ناسێنراوە(عطار، د.ت: ٤٧٣)، ئەو ناوبردنە شێوازێكە لە پیرۆزكردنی ڕەوتەكە، چونكە سەرەڕای ئەوەی لەڕوالەتدا جەخت لە پەیوەستبونی شەریعەت دەكاتەوە، لەكرۆكدا گەرانە بەدوای مانا ڕاستەقینەكانی ئایین و لەڕوی ویجدانی و دەرونیەوە گەیشتنە بە (عين اليقين)، بەمانایەكی دیكە سۆفییەكان دەیانەوێت لەڕێگەی ناساندنی ڕێبازە ئایینییەكەیان وانیشان بدەن، كە بەباوەڕێكی یەقینی و كاملترەوە پەیوەستن بە بنەما ئایینییەكان (نەقشبەندی، ٢٠١٥:

٦١)

لەمەوە ئەو ڕێبازە بوەتە جیهانبینییەکی ئایینی ئەوتۆ لەکایەیەکی داخراوەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی فراوانی تێگەیشتنی ئاینییانە، یان تەنانەت ناسینی خوداش، نمونەی ئەمە الشبلي[1] گەورە سۆفی، سۆفیگەری ناساندوە بەوەی دانیشتنە لەگەڵ خوداوەند، بەبێ هیچ شتێکی دیکە (القشیري، ٢٠٠١: ٣١٤)، هەروەها توێژەرێك لە دەستنیشانکردنی پەیوەندییە ڕۆحانی و ئیلهامییەکانی سۆفی لەگەڵ خودا، لە کتێبەکەی قشەیریدا پێناسەیەکی ڕەوانی سۆفیگەری هەلێنجاوە، کە دەڵێت: "سۆفیگەری خۆڕادەستکردنی خودایە و هەولی نەهێشتنی هەر نێوەندێکی نێوان سۆفی و زاتی ئیلاهیە" (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٦)، بەپێی ئەو گوزارشتە، ئەوانەی ئەزمونی ئەو کایە ڕۆحییە دەکەن، بەربەستێك نەماوە بۆ گەیشتنیان بەو زاتە، ئەمەش جگە لە فراوانبونی مەودای ئەزمونەکە لەڕوی چەندێتییەوە، دەیەوێت لەڕێگەی زمانەوە پێگە و پیرۆزی ڕێبازەکە بسەلمێنێ و دەرچەیەك ناهێڵێتەوە بۆ گومان و پەیوەست نەبون پێیەوە .

سۆفییەکی دیکە ناساندویەتی بەوەی، کە: ڕەوشتێکی بەرزە، لەمرۆڤێکی چاکدا، لەکات و سەردەمێکی باشدا، بەرامبەر بە کەسانی باش دەکرێت (القشیري، ٢٠٠١: ٣١٣)، واتا جەخت لەمە دەکاتەوە ئەم پاداشتە بۆ کۆی گشتی مەردوم نییە، بەڵکو لەلایەن خوداوە ئەم ڕەوشتە بە گەلی سۆفییان بەخشراوە، لەلایەکی دیکەوە لەپاڵ بڕواداری ئایینی، دەیانەوێت بیبەستنەوە بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان .

ئەم جۆرە دەربڕینانە لەلایەن خودی گەورە سۆفییەکان، کە پانتاییەکی فراوانی لەنێو سەرچاوە سۆفیگەرییەکان گرتوەتەوە، بونیادێکە بۆ پاکێتی و ڕەسەن بونی ڕێبازەکە و وەرگرتنی مەشروعیەتێکی باڵای ئایینی، بەجۆرێك دەیەوێت گوتاری گرێدانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی ڕەوتەکە بەخوداوە بسەلمێنێ، تێگەیشتنێك بەرهەمبهێنێت، کە بگات بە حەقیقەتی خودا، تەنانەت خودی سۆفییەکانیش دەبەستێتەوە بەو حەقیقەتە، بەو مەبەستەی کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی کۆی کۆمەلگەی موسوڵمانان دروست بکات

بەپێی بۆچونی توێژەرێك ئەگەر ئەم گوتارە بۆ پەراوێز نەخستنی ڕێبازەکە بێت لەنێو کۆمەلگەی موسولمانان (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٧)، دواجار لەلایەن مورید و شوێنکەوتوانیان دەبێتە کەرەسەی بەرهەمهێنانی کلتورێکی پیرۆز، چونکە دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ڕزگار بون لەقەیرانی بێ متمانەیی و دەبێتە ئومێدێکیش بۆیان، لەم ڕێگەیەوە ڕێبازەکە خۆی جیادەکاتەوە لەوانی دیکە و بانگەشەی پیرۆزبونی خۆی دەکات، پرسی گەیشتن بە حەقیقەتی ڕاستەقینە لای بڕوادارانی بەرجەستە دەکات.

کاتێك خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێت، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەتوانین بڵێین بواری سۆفیگەری لەلایەن سۆفی و بڕوادارانیان، لە بوارەکانی دیکەی دەرەوەی ئەو پانتاییە پیرۆزتر دەکرێت، کاتێکیش هەموو ئەو خەسڵەتانە دەبەستنەوە بەکەسایەتی سۆفییەوە، لە تێڕوانینی مورید و بڕوادارانی دەبێتە بەشێك لەپیرۆزییەکانی ناو ڕێبازەکە و توانای دەچێتە سەروی توانای مرۆڤی ئاسایی، تەنانەت لەکەرامات و کارە نائاساییەکانیشی، بۆیە سەرەڕای پیرۆزکردنی ڕێباز و ڕابەرەکانیان، هەموو ئەو زانیارییانەش پیرۆزدەکرێن، کە دەربارەی ئەو ڕێبازە تۆمار دەکرێن، وەك دەگوترێت: "زانیاری سۆفیگەری لەهەرچی زانینە پیرۆزتر و بەڕێزترە، چونکە زانیاری ناسینی خودای گەورەیە، بێگومان زانینێك خودا ناسی بێت، لەهەرچی زانیارییە گرنگتر و پیرۆزترە، بەرهەمیشی لەهەموو بەرهەمێك بەکەلکترە، خاوەنی زانیارییەکی ئاواش لەهەموو زانایەکیتر بەڕێزترە" (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٧٠).

ئەو ڕێز و خۆشەویستییە بۆ سۆفیگەری و زانیارییەکانی تایبەت بەو بوارە، هەروەها کەسایەتییەکانی سەر بەو پانتاییە، لەلایەن بڕوادارانیان بەرگی پیرۆزی بەبەردا دەکرێت و باڵاتر لە مەردومانی دیکە و زانیاری کایەکانی دیکە وێنا دەکرێ، پێمانوایە ئەو پیرۆزکردنە پەیوەندی بە جیاوازی نێوان شەریعەت و حەقیقەت هەیە، چونکە تێڕوانینی سۆفی بۆ ئەو دو بوارە تەواو جیاوازە، سۆفیگەری کۆشش و تێکۆشانی بۆ بەهەشت نییە، ئەوەندەی دەکۆشێت لەخاوەنی بەهەشت نزیك بێتەوە (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٧٤). گوتەی گەورە سۆفییەك ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت کاتێك لە وەڵامی موریدێکدا گوتویەتی: "ئەگەر بەهەشتت دەوێت بڕۆ بۆ لای زانای ئایینی، ئەگەر خاوەنی بەهەشتت دەوێت وەرە بۆ لای من" (وەرگیراوە لە نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٧٤)، واتا شەریعەت ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە بەهەشت، بەڵام سۆفیگەری ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەخودا (حەقیقەت)، لەم ڕوانگەشەوە رابیعەی عەدەوی دەڵێت: "من نە لەترسی دۆزەخ تۆ دەپەرستم، نە بۆ پاداشتی بەهەشت، بەڵکو بۆ خۆشەویستی تۆیە کڕنوشی بەندایەتیت بۆ دەبەم" (العطار، د.ت: ١٠٨)

## ٤. تەوەری دوەم: ناساندنی سۆفی وەك کەسایەتییەکی پیرۆز

لەپێشتردا ئاماژەمان بەچەند پێناسەیەکی سۆفیگەری کرد لەلایەن چەند گەورە سۆفییەك، چەندین پێناسەی دیکەی هاوشێوە لەسەرچاوەکان بەرچاو دەکەون، کە دەبنە بنەمایەك بۆ زیادەڕەوی لە ڕێزگرتن و خۆشەویستی بۆ ئەزمونە ئاینییەکە، بەهەمان شێوە ناساندنی سۆفییش وەك پاڵەوانێکی کارای نێو کایە ئاینییەکە، بواری ڕەخساندوە لە بەرتەسك کردنەوەی مەودای پرسیارکردن و هەلوەستە لەسەر کردنی، ئەمەش شێوازێکی بەرهەمهێنانی ئەو کلتورە پیرۆزەیە، کە ئێمە دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، بوەتە هەلگری ناسنامەیەکی ئەوتۆی جیاواز لە مەردومانی دیکە، بەمەش هەموو کردار و ئاکارەکانی جێگەی باوەڕی لایەنگرانی دەبێت بەبێ پرسیارکردنی چۆن؟ بۆچی؟ کەی؟ لەکوێ؟ ...هتد.

دەتوانین بڵێین ناساندنی کەسایەتی سۆفی لە بەرهەمهێنانی کلتوری پیرۆزکردن، کەمتر نییە لە ڕۆڵی پێناسەی سۆفیگەری، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، چونکە ئەگەر سۆفیگەری ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان سۆفی و خودا بێت، ئەوا سۆفی دەبێتە ئەو کارەکتەرەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو زاتەوە هەیە، ئەمەش لەناوەڕۆکدا بەخشینی شکۆمەندییە بەو کارەکتەرە و تۆخکردنەوەی پیرۆزییە بۆ ئەو کەسایەتییە، چونکە سۆفی بونەوەرێکی ئەوتۆیە لەسەروی توانستی عەقلی و پرسیارەوە گوزارشت لەخۆی دەکات .

هجویری لەناساندنی سۆفیدا، دەڵێت: "فالصوفي: هو الفاني عن نفسه، والباقي بالحق، قد تحرر من قبضة الطبائع، واتصل بحقيقة الحقائق" (١٩٧٤: ٢٣١)، ئەو دەقە گوزارشتە لە ڕوتبونەوەی سۆفی لە هەموو سیفەتە مرۆییەکان و پچڕانی پەیوەندییەکانی بەتەواوی لەگەڵ دونیادا، لەم حاڵەدا دەگاتە حەقیقەتی خودایی، ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە بۆ کەسایەتی سۆفی، بنەمای داڕشتنی پیرۆزی و دیاریکردنی ئاستی پێگەی ئاینی ئەو کەسایەتییەیە، بۆیە کار لەسەر بەرتەسك کردنەوەی مەودای گومان دەکات و سیستەمێکی سۆفییانە بەرهەمدەهێنێت، کە پابەند نەبون پێیەوە مەترسی لەسەر بیروباوەڕی ئاینی دروست دەکات، چەندین دەقی دیکە لەسەرچاوە سۆفیگەرییەکان، جەخت لەم دۆخە پاکیزەییەی سۆفی دەکەنەوە .

بایەزیدی بوستامی[2]، سۆفی دەخاتە ڕیزی منداڵێك، کە خودا خۆی پەروەردە کردنیان

بگرێتە ئەستۆ (العطار، د.ت: ١١٤)، هەروەها پێناسەیەکی دیکەی هەیە، کە دەڵێت: "سۆفی کەسێکە لە ئاگاییدا تەنها خوا دەبینێ، لە بێئاگاییشدا لەگەڵ ئەوە، جگە لە خودا سەر و سەودای لەگەڵ شتێکی دیکە نییە" (ابن خميس، ٢٠٠٦: ٢٠١/١). یان سۆفی داشۆراوە لەهەموو سیفاتە مرۆییەکان، لەڕوی ڕوخسار و کرۆکەوە ئاوێزانی ئەخلاقی خودایی بوە (برادة، ١٩٩٧: ٢٧٩/٢)

هەروەها جونەید[3] سۆفی دەکاتە زەوییەك، هەرچەندە تۆوی ناپاکی لێ بچێنی، ئەو جگە لە شتی پاك هیچی لێناڕوێت (الذهبي، ١٩٩٦: ٦٧)، لێرەدا مەبەست لە پاکی بیرکردنەوەیە لەخودا و پەیوەستبونە بە فرمانەکانی، چونکە لەگوتەیەکی دیکەدا دەڵێت: "هەموو ئومەتێك چینێکی هەڵبژێردراوی تێدایە، هەڵبژێردراوی ئەو ئومەتەش سۆفییەکانن" (ابن الملقن، ٢٠٠٦: ١١١)

سۆفییەکی دیکە گوزارشت لەهەمان حاڵەت دەکات، گەلی سۆفییان دەخاتە ڕیزی ئەو کەسانەی خودا هەڵیبژاردون، دەڵێت: "خودا لە ناو هەموو ئومەتێکدا بڕێك ڕوخۆش و نەرمونیان لەناو دروستکراوەکانیدا هەڵدەبژێرێت، هەڵبژێردراوانی ناو ئومەتی محمد(د.خ)، سۆفییەکانن" (الشعراني، ٢٠٠٥: ١٣٧؛ الكلاباذي، ١٩٩٣: ٢٠)

بێگومان هەڵبژاردنی چینی سۆفییان لەلایەن خوداوە، بەرجەستەکردنی بەرهەمهێنانی تایبەتمەندێتییە بۆ ئەو چینە لە زۆر ڕووەوە، لێرەوە سۆفی لەپەیوەندییە دنیاییەکان دەردەچێت و دەگاتە ئاستێك، کە بتوانێت ڕوداوەکانی داهاتوو بخوێنێتەوە، زیاتر لەمەش ئاگادار بونی لەکار و جولەی فریشتەکان، وەك دەڵێن: حەقیقەتی سۆفی ئاگایی بونە لەهەموو فریشتەکان و ئەوشتانەی لە عەرشدا هەن، لە زاتی خۆیدا یەك یەکیان دەبینێت، تەنانەت دەتوانێت هەموو ئەو نهێنییانە ببینێت، کە لە (لوح المحفوظ) نوسراون (برادة، ١٩٩٧: ٢٧٣/٢). ئەوەی جێگەی سەرنجە، سۆفییەکان ویستویانە لەڕێگەی ئەو وەسفانە، ناسنامەیەك بۆ خۆیان دروست بکەن، کە گەیشتونەتە بەرزترین پلەی نزیك بونەوە لەخودا، مەرج نییە ئەو گوزارشتانەی سۆفی بەمانای پیرۆزکردن بێت، بەڵکو ئەوەی پیرۆزیی بەو تایبەتمەندییە دەبەخشێ، ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی- ئایینیەیە، کە سۆفییەکە لەخۆ دەگرێ.

ئەوەی زیاتر پرۆسەکەی ئاسانتر کردوە بۆ قبولکردن سۆفییەکان خۆیانن، چونکە لەناو خۆشیاندا جەختیان لە جێگیربونی کلتوری پیرۆزی کردوەتەوە، هەوڵیانداوە لەوەسفی یەکتردا ئەو بڕوایە دروست بکەن، کە نائاساین، جونەید لەوەسفی بایەزیدی بوستامی دەڵێت: "ئەو پیاوە خوراسانییە لەناو ئێمەدا، وەك جبریلە لەناو فریشتەکاندا" (العطار، د.ت: ١٨٣)، هەروەها موجاهەدە و تێکۆشان لەپێناوی خودا، پێگەیەکی بەهێز بۆ شێخ دروست دەکات و پیرۆزی پێدەبەخشێت، وەك شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەبارەی شێخ عەدی[4] دەڵێت: "ئەگەر پێغەمبەرایەتی بە هەوڵ و تێکۆشان بوایە، دەبوایە بدرێت بە شێخ عەدی" (العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٢٨؛ الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٠٣).

دواتر ئەو گوتارەشە تایبەتمەندییەکی بۆ ئەو کلتورە دروستکردوە، چونکە بۆ ڕابەرانی سۆفیگەری پاڵپشتییەکی بەهێزە تا ڕێز و خۆشەویستی بێسنوری موریدەکانیان بەدەستبێنن، دواجار ئەو کلتوری موجاهەدەیە لە خواپەرستیدا ڕەنگڕێژی ناسنامەی پیرۆزی کەسایەتی سۆفی دەکات، لەلایەن موریدانیشەوە دەچێتە ئاستی پەرستن، بەتایبەتی لەبواری ئیلهام بەخشین، چونکە بەشی زۆری گەورە سۆفییان، لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانیاندا جەختیان لەمە دەکردەوە هەموو ئەو زانست و شارەزاییانەی لەبواری ئایینی هەیانە، لەلایەن خوداوە پێیاندراوە (بۆ زانیاری زیاتر بروانە: رستم، ٢٠٠٤: ١٨٤-١٨٥)، جەلالەدینی ڕۆمیش کامل بون و ڕاستێتی سۆفی یەکلا دەکاتەوە بۆ موریدانی و دەیبەستێتەوە بە بنەمای بیروباوەڕی ئایینی و دەڵێت: "هەر کەسێك شێخەکەی بەکەسێکی کامل نەزانێت، ئەوا کافرە (شیمل، ٢٠٠٦: ٢٣٠)

توێژەرێك بەڕونی ئەو دیاردەی هەڵسەنگاندوە، پێیوایە ئەو پیرۆزکردنە بەتەنها لەکاتی ژیانی سۆفی نامێنێتەوە، بەڵکو شوێنی ناشتنی ئەو کەسایەتییەش لە هی خەڵکی دیکە جیاواز دەبێت، خەڵکی دێنە سەر گۆڕەکەی و ئەو سەردانەش تێکەڵاوی سروتی کۆمەڵایەتی دەبێت؛ وەك ئەوەی باوەڕ بەمەرگی واقعییانەی سۆفی نەکەن و هەوڵبدەن ناواقعییانە بە زیندویی بیهێڵنەوە، بۆیە دەبینین گۆڕی زۆربەی گەورە سۆفییەکان، دەبنە مەزارگەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٠٤). ئەگەر سەرنجی مەزارگەی شێخ عەدی بدەین، ئەو دۆخەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە تێپەڕ بونی کات گۆڕەکەی بوەتە شوێنێکی پیرۆز و لەمردنیشیدا پیرۆزییەکەی لەدەست نەداوە، لەلایەن شوێنکەوتەکانی بوەتە شوێنی ڕوگە و جێبەجێکردنی فەریزەی حەج (ابن المستوفي، ٢٠١١: ١٠٥/١). دەتوانین بڵێین ئەو دیاردەیە، دەرەنجامی گوتاری ئەو سۆفییانەیە، کە لەمردنیشیاندا دەستیان لێهەڵناگرن و پشتیوانیان دەکەن، ئەوەتا سۆفییەك دەڵێت: "ئەولیا لەدوای مردنیان، سودیان زیاترە بۆ مورید، ئەوەندەی لەژیانیان سودیان پێگەیاندون" (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٠٦)

سۆفی وامان هەیە ڕایگەیاندوە بەرهەمەکانی لەژێر کاریگەری ئیلهامەوە نوسیوە، شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی[5] ئاماژەی بەوە کردوە کتێبی (حكمة الاشراق)ی لەڕێگەی ئەو ئیلهامانە نوسیوە، کە لەلایەن خودا بۆی هاتوە (المحمدي، ٢٠٠١: ١٤٠)، هەروەها ئیبن عەرەبی[6] سەرەڕای ئەوەی نکولی لەمە دەکات نێردراوی خودا بێت، بەڵکو تەنها وەك میراتگرێك پارێزگاری دواڕۆژی خۆی دەکات، بەڵام جەخت لەمە دەکاتەوە هیچ یەکێك لە بەرهەمەکانی زادەی خەیاڵی خۆی نین، بەڵکو لەلایەن خوداوە بۆی هاتوە (المحمدي، ٢٠٠١: ١٥٩)، نوسینەکانی خۆی تا ئاستێك بەرز نرخاندوە گەورەتر لەئیلهام، کە هەموو زانستەکانی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودا وەرگرتوە (أبوزيد، ٢٠٠٢: ١٣١)، ئاماژە بەوەش دەکات پێغەمبەری (د.خ) لە خەوندا بینیوە، کتێبی (فصوص الحكم)ی لەدەستدا بوە، پێغەمبەر پێیڕاگەیاندوە ئەو کتێبە بگرە، خەڵك لێی سودمەند دەبن، ئەویش گوتویەتی: گوێڕایەڵی فرمانەکانی خوداو پێغەمبەرەکەیم (بدران، ٢٠١٣: ١٢٠)، کاریگەری ئەم گوتارە تەنها لەسەر ئاستە میللییەکە تەسك نەبوەتەوە، بەڵکو ئەم سنورەی تێکشکاندوە و چینی دەستەبژێرانی سۆفییانیشی خستوەتە ژێر کاریگەری خۆی، ئەو شێوازی گوتارە پرسیاری لای جەلالەدینی ڕۆمی وروژاندوە و دەڵێت: "دەکرێ پێغەمبەر نوح ٩٠٠ساڵ سەرقاڵی خوداناسی بوبێ و کتێبی (الرسالة) و (قوت القلوب)ی[7] نەخوێندبێتەوە" (شیمل، ٢٠٠٦: ٢٥)

ڕاستی و دروستی ئەو ڕاگەیاندنە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی جێگەی بایەخە، کاریگەری ڕەهەندەکانی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لەسەر خەڵکانێك دەبێتە حەقیقەت و باوەڕی پێدەهێنن، دوای پەسەندکردنی ئەو بیرۆکانەش لای ئەو خەڵکانە، خاوەنی جاڕدانەکە بەچاوێکی ئاسایی سەیر ناکرێن و وشەکانی پیرۆزدەکرێن. ئەو پیرۆزکردنە تەنیا واتا و مەدلولەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە داڵەکان پیرۆز بکرێن تا ئاستێك بەسەر مەدلولەکانیش دا زاڵ بن (مشەختی، ٢٠١١: ١٠٥)، نمونەیەکی

ڕوونمان هەیە لەئایینی ئیسلامدا، بەسود وەرگرتن لە پەیوەندی زمانی عەرەبی بە سروش و ئاینی ئیسلام جارێ ئەوە لێدرا زمانی عەرەبی بەشێکە لەئایین و دەبێت بەهەمان پیرۆزی دەقە ئاسمانییەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لەلایەن خوداوە هاتوە و بەکاملترین شێوە خولقێنراوە، تا ئەو ئاستەی زمانی بەهەشتە، بۆیە لەسەرەتای بلاوبونەوەی ئاینی ئیسلام بەشێکی زۆری موسولمانە ناعەرەبەکان هەولی فێربون و شارەزابونی ئەو زمانەیانداوە (وردی، ١٩٩٤: ٦٦)

ئەو شێوازی گوتارە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر مورید و شوێنکەوتوان هەبوە، نوسەری بەرهەمەکە، هێندەی بەرهەمەکە پیرۆز دەبێت و کاریگەرییەکەی پەیوەتەوە بۆ شێخ و تەریقەتەکانی دیکە، چونکە لەو گوتارانەدا شێخی سۆفی، بەهۆی پیرۆزی بەرهەمەکانی وەك مەرجەعێك پێناسەی خۆی کردوە، مەرجەعیش لەکۆی کایەکانی ژیاندا دەبێتە پیرۆزییەکی دەست بۆ نەبراو پیرۆزکراو، چونکە دواجار هەموو مەرجەعێك بەشێوەیەك لەشێوەکان پیرۆز دەکرێن.

هەرچەندە دەکرێت ئەو سۆفییانە لەکرۆکدا وەك ئاماژەیەك مەبەستێکی مەجازیان هەبێت و دور بێت لە تێگەیشتنی شوێنکەوتەکانیان، یان یاریکردنێکی زمانەوانی بێت تا کەسی بەرامبەر سەرسام بکەن، بەمەش لەزهنی گوێگر تێڕوانینێکی نامەنتقی دروست دەبێت ، کە دورە لەو مانا حەقیقییە دیاریکراوەی کە سۆفی مەبەستییەتی (شیمل، ٢٠٠٦: ١٨)

بەڵام ئەوەی گرنگە تێگەیشتنی ڕوکەشیانەی ئەو دەقانە، وێنایەکی خەیالکردی ئەوتۆ لەئاستە میللییەکەدا دروست دەکات، دورە لەکەموکوڕی و هاوتا کردنیانە لەگەڵ دەقە ئاینییەکان، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی ئەو جۆرە نوسینانە، دەبێتە سەرمایەیەکی ڕەمزی و کەسایەتییەکی ڕۆحانی و پیرۆز، کە متمانەیەکی ڕەها لەکۆمەڵدا دروست دەکات، بەتایبەت لەلای پەیڕەوکارانی تەریقەتەکان، چونکە بەشی زۆری کۆمەڵگا لەئاستی ڕوخساری دەرەوەی دیاردەکە دەمێنێتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرکەوتەکانی، چ هەلسوکەوتی ڕۆژانەی سۆفی بێت، یانیش جۆری بەرهەمهێنانی بۆ پیرۆزیی و وێناکردنی پەیوەندییان بەبواری خودایەتی و نواندنی کردەکییانەی ئەو پەیوەندییە (لەشکری، ٢٠١٢: ٣٠٢)

هەندێکجار سۆفی پەیوەندییەکانی لە مەودا ئاساییەکان فراوانتر نیشانداوە، سنوری مرۆڤی تێپەڕاندوە و فریشتەکان سەردانیان کردوە، وەك لە کتێبی (تذکرة الاولیاء) هاتوە، گوایا کەسێك لە بایەزیدی بوستامی پرسیوە خەلکانێکی نەناسراو سەردانت دەکەن لەسەر شێوەی مرۆڤ، لە وەڵامدا گوتویەتی: ئەوانە لە فریشتەکانن دیدارم لەگەڵ دەگرن، پرسیاری ئەوەم لێدەکەن چ پێویستییەکم هەیە لە زانستدا؟ منیش وەلامیان دەدەمەوە (العطار، د.ت: ١٩٥)

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم گوتارە نەك تەنها بۆ نەهێشتنی گومانە دەربارەی بەرهەمەکانی ئەو ئەزمونە ئاینییە، بەڵکو سروشتێکی ئیلاهییانە دەداتە پاڵ کەسایەتی سۆفی و پیرۆز دەبێت، دەبێتە جێکەوتەی بەرهەمهێنانی کلتورێکی ڕێزلێگیراو، جگە لەمەش کۆی ئەزمونەکە دەچێتە ئاستێکی بەرزتر لەوانی دیکە، ڕەهەندەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوە، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵوێستی کۆمەڵگا دەبێت و خۆی لە ڕیزبەندییەکی ئاینی توکمە و پیرۆزکراو دەبینێتەوە، دواجار بەرهەمەکانی سەر بەو کایەش لەلایەن بڕواداڕانیان دەبێتە گەنجینەیەکی پیرۆز.

لێرەوە سۆفی، دەبێتە کەسایەتییەکی پیرۆز و خاوەن پێگەیەکی بەرزی ڕێزدار، ئەو ڕێزدارییەی بەتەنها لەئاستی میللیدا نامێنێتەوە، بەڵکو چینی دەسەلاتداران و دەستەبژێرانیش جیاوازتر لەکەسانی ئاسایی مامەلەیان لەگەڵدا دەکەن، نمونەیەکی زۆر ڕونی ئەو حاڵەتە، کاتێك شێخ عەدی سەردانی شاری موسل دەکات، فەرمانڕەوای شاری موسل، پێش خەلکی شارەکە دەکەوێت بۆ پێشوازی کردن و دەست ماچکردنی ئەو کەسایەتییە (القادري، ٢٠٠٨: ١٢٣)، دیارتر لەمەش، خەلیفە (المستنجد باللە)ی عەباسی (٥٥٥-٥٦٦ز/١١٦٠-١١٧١ز)، کە بالاترین دەسەلاتی دەولەتی ئیسلامییە لەبەغدا، داوەتێك ڕێکدەخات و زاناو شێخەکانی عێراق بانگ دەکات، کە شێخ عەدی یەکێکە لەوانە (العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٣٢؛ الیافعي، ٢٠٠٦: ٩٣).

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر ئەو ڕێزگرتنەی خەلیفە بەهۆی پێگە کۆمەڵایەتییەکەشیان بوبێت، لەکاتێکدا خاوەن پێگەی جەماوەری و کاریگەرن لەنێو کۆمەلی موسولمانانندا، بەشێکیشی پەیوەستە بە ڕێز و خۆشەویستی خەلیفە بۆ ئەو کەسایەتییانە.

بۆیە دەبینین لەلایەن موریدەکان، یان خودی سۆفییەکان خۆیشیان، ئەوەندەی بۆیان بکرابوایە ناوی سۆفییەکانیان دەخزاندە ناو زنجیرەی بنەماڵە بڕواداڕە ناودارەکان، یان ڕەچەلەکیان دەگەڕاندەوە بۆ یەکێك لە خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر، بۆ ئەوەی لەڕێگەی دروستکردنی ئەو شەجەرەیە، پیرۆزی کەسایەتی سۆفی توخترر بکەنەوە بۆ زیاتر توخکردنەوەی پیرۆزی و (برۆنسن، ٢٠١١: ١٢٦/٢)، ئەمەش لەپێناوی ڕەوینەوەی گومان و سەلماندنی پاکیزەیی کەسایەتی سۆفی.

لێرەوە پانتایی سۆفیگەری سنورێك ناهێلێتەوە بۆ گومان و دوودلی موریدەکان، باوەڕی میللیانەی کەرامەتنوێنی شێخ و سۆفییەکان دەبێتە کارێکی ئاسایی، لەسەر دەستی گەورە سۆفییەکان چەندین کەسایەتی هەن، کە بەتەنها ئاماژەیەکی شێخ هیدایەتییان وەرگرتوە، بەپێی گوتەی سۆفییەکان ژیانیان لەتاریکی و نەزانییەوە گۆڕاوە بۆ ژیانی ڕوناکی و بون بە پیاوچاك (بڕوانە: بدران، ٢٠١٣: ٩١).

## ٥. تەوەری سێیەم: ڕۆڵی کەرامات لە پیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفی

کەرامات یەکێکە لەو پرسە ئالۆزانەی لەنێو کلتوری سۆفیگەریدا، گفتوگۆی زۆر و تێڕوانینی جیاوازی دروستکردوە، هەریەکە لە سۆفییەکان و نوسەرە ئیسلامییەکان و کۆمەلناس و سۆسیۆلۆژیستەکان دیدی جیاوازیان هەیە سەبارەت بەو پرسەو لەگۆشەنیگای خۆیانەوە شرۆڤەی دەکەن، بەشێکیان ئەو کارە دەخەنە پاڵ چیرۆك و ئەفسانە کۆنەکان، پێیانوایە کاریگەری پێداویستییەکانی خەیاڵی کۆمەلگە و ئەفسانە، بنەمای سەرەکین لە بەرهەمهێنانی، چونکە دواجار ڕۆڵی ئەفسانە دەبینێت، وەك چۆن لەکۆمەلگە تەقلیدییەکان ئەفسانە ئامرازی فێرکردنە و بەشێکە لەپێکهاتەی بیرکردنەوەی دەستەجەمعی، کەراماتیش هەمان ڕۆڵ دەبینێت لەمێژودا. بۆچونێکی دیکە کەرامات دەخاتە پاڵ سیحر و جادوو، پێیوایە کە هەموو ئەو سەرگوزشتە و چیرۆکانەی لە سۆفییەکان دەگێڕنەوە بەشێکە لەو چاو بەستەگییەی کە ساحیران و جادوگەران بەهۆی فێڵ و مەکرەوە دەینوێنن (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: شغموم، ١٩٩٢: ٨٧-٩٢).

هەرچەندە لەو توێژینەوەیەدا کاری ئێمە نییە شرۆڤەی ئەو دیاردەیە بکەین، بەڵام ئەگەر سەرپێییانە بڕوانین، بەهۆی ئەوەی سۆفیگەری ئیسلامی وەك ئەزمونێکی ئاینی، بەشێکە لەبیروباوەڕی ئەو ئاینە و کاریگەری ڕێساو بنەماکانی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، کاریگەرە بە بونیادە ئەفسانەییە ئاینییەکە، گێڕانەوەی هەمان کلتوری موعجیزەی

پێغەمبەرانە و لاسایی كردنەوەی هەمان ئەزمونی ئەوانە، لەبەرگێكی دیكەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوەندەی ڕەگەزی موعجیزەی پێغەمبەران زاڵە بەسەر چیرۆكە كەراماتییەكان، ئەوەندە سیحرو جادو نەیتوانیوە كاریگەری دروست بكات بەسەریدا، دواجار بونیادە ئەفسانەییەكانیش بەشێك لەبیروباوەڕە ئاینییە ئاسمانییەكانیش پێكدێنن، كە بەپێی تێڕوانینی ئایینی حەقیقەتێكی ڕەهایان هەیە (بڕوانە: شغموم، ١٩٩٢: ٦٥).

كەرامات یەكێك لە بنەما گرنگەكانی بواری سۆفیگەرییە، كارێكە ئەنجامدانی لەتوانای هەموو كەسێك نییە، سنوری نەریتە ئاساییەكانی تێكشكاندوە و توانایەكە لەسەروی توانای مرۆڤی ئاسایی، كە لە پانتایی سۆفیگەریدا پێیدەوترێت باوشكێنی(خرق العادة)، بەو مانایەی ئەنجامدان و بەدیهێنانی لەتوانای كەسی ئاسایی نییە، وەك مردو زیندوكردنەوە، یان ئەنجامدانی كارێك لەدەرەوەی سنوری زەمەن و شوێن، زۆر نمونەی دیكە، كە لەسەرچاوە سۆفیگەرییەكان هەن، مرۆڤی ئاسایی توانای ئەنجامدانیان نییە و لەدەرەوەی نەریتە باوەكانی ژیان ئەنجام دەدرێن (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٦؛ نەقشبەندی٢٠١٥: ٣٢٣).

كەرامات هاوشێوەی موعجیزەیە، بەڵام كەرامات تایبەتە بە سۆفی و پیاوچاكان، موعجیزە تایبەتە بە پێغەمبەران، لەگەڵ ئەوەی هەردو كارەكە هەمان ڕۆڵی ئایینی دەبینن، هۆكارێكن بۆ باوەڕهێنان و دروستی بیروباوەڕی ئایینی، واتا بەڵگەن بۆ سەلماندنی بنەماكانی ئایین وەك حەقیقەتێكی ڕەها (النبهاني، ٢٠٠٢: ٢٠/١).

جیاوازی نێوان ئەم دو كارە لەمەدا خۆی دەبینێتەوە، دەبێت سۆفی كارابیەكەی بشارێتەوە، تەنها بەپێی پێویستییە ئاینییەكان كەرامات بنوێنێت و دەربیخات، لەلایەن خوداوە سزا دەدرێن ئەگەر كەراماتەكانیان بەبێ هۆكار دەربخەن، لەكاتێكدا سزای پێغەمبەران دەدرێت ئەگەر موعجیزەكانیان بشارنەوە، سۆفییەك بەڕونی ئاماژەی بەوە كردوە، دەڵێت: "خودا لەسەر پێغەمبەرانی پێویست كردوە موعجیزەكانیان ئاشكرا بكەن، بەڵام وەلی و پیاوچاكان دەبێت كەراماتیان بشارنەوە، تا مەردوم فریو نەدەن" (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٦).

گرنگتر لەمەش كەراماتی وەلی لەتێڕوانینی سۆفیگەریدا درێژەدانە بە موعجیزەی پێغەمەرەكەی، ئەو بەردەوام بونە بۆ پشتڕاستكردنەوە و گرنگیدانە بە میراتە ئاینییە ڕاستەقینەكە (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٦)، لەكتێبی (جامع كرامات الاولياء)، بەڕونی ئەو بابەتە ڕونكراوەتەوە، باس لەمە كراوە كەرامات لاسایی كردنەوەی موعجیزەی پێغەمبەرانە، ئاماژە بەوەش كراوە، دەركەوتنی كەرامات لەسەر دەستی وەلی ڕێگە پێدراو نییە، ئەگەر بانگەواز نەبێت بۆ دینی پێغەمبەرەكەی، بەمەش كەرامات دەبێتە موعجیزە، بۆ پشتڕاستكردنەوەی ڕاستێتی پێغەمبەر و پەیامەكەی، بەمەش هێز دەبەخشێت بە كەسایەتی سۆفی (النبهاني، ٢٠٠٢: ٢٠/١).

نوسەرێكیش ئەوەی دوپاتكردوەتەوە، بەهۆی ئەوەی لەتێڕوانینی سۆفیگەری، سۆفی میراتگری پێغەمبەرە، بۆیە دەتوانێت لاسایی موعجیزەكانی بكاتەوە و كەرامات بنوێنێت، چونكە هەمان ئەركی موعجیزە بەجێدەهێنێت، ڕاستی و دروستی هەمان ئایین و ڕاستگۆیی پێغەمبەرەكەش دەسەلمێنێت (شغموم، ١٩٩٢: ١٠٣).

مانای وایە ئەو ئەزمونە ئاینییە بەمانا فراوانەكەی بەرجەستەبونی پەیوەندی نێوان خودا و سۆفییە، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە ڕێكخراوە جێگیرە، ئاستی بڕواداری ئاینی دیاریدەكرێ (الیاد، ١٩٩١: ٨٩)، لەو ڕوانگەیەوە، كاتێك سۆفی لەڕێگەی كەرامات لاسایی موعجیزەكانی پێغەمبەر دەكاتەوە، دوبارە كردنەوەی زەمەنێكی تایبەتە بۆ هەموو بڕوادارێك، ئەمەش ئەنجامدانی كارێكی پیرۆزە، بەهەمان شێوە سۆفی دەبێتە وێنەیەكی نمونەیی كەسایەتی پێغەمبەر، كەراماتیش وێنەیەكی لەبەرگیراوەی موعجیزەیە بەهەندێك كەمو زیاد كردن و ڕازاندنەوەی (بڕوانە: شغموم، ١٩٩٢: ١٠٣-١٠٥)، بۆیە دەتوانین بڵێین كەرامات تەنها بەرهەمهێنانەوەی موعجیزە نییە، بەڵكو سۆفییش لەدیدی شوێنكەوتوانی، پێگەی بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی پێگەی پێغەمبەر و پیرۆز دەبێت، چونكە ئەوەندەی جەخت لەتوانا و بەرەكەتی سۆفی دەكاتەوە، ئەوەندەش پێگەكەی بەرز دەكاتەوە و دەبێتە هێزێك لەخزمەتی پیرۆزكردنی.

وادیارە بەستنەوەی كەرامات بە موعجیزە لەلایەن بەشی زۆری سۆفییەكان، بۆ سەلماندنی ڕاستێتی كەرامات دەگرێتەوە، لەلایەكی دیكەوە دەیانەوێت پێگەی سۆفی بەبستنەوە بەرەهەندی ئاینی و ناسنامەیەكی پیرۆزی بۆ داڕێژن، گەورە سۆفییەك دەڵێ: "موعجیزە بۆ پێغەمبەرانە و كەرامات بۆ پیاوچاكان، ئەركی موریدیش پاڵپشتی كردنیانە" (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٥٥).

تێڕوانینی سۆفییانەش بۆ كەرامات سەقامگیرە و ڕەتكردنەوەی مەحاڵە، تەنانەت هەندێك لە سۆفییەكان باوەڕبون بەو بنەمایە بەبەشێك لەبیروباوەڕی ئاینی دادەنێن و ڕەتكردنەوەی كاریگەری لەسەر بڕوای ئاینی دەبێت، گەورە سۆفییەك دەڵێ: "ئەوەی باوەڕی بە كەرامات نەبێت كافرە" (السبكي، ١٩٦٤: ٣١٤/٢).

لە سەرچاوەكانی سۆفیگەریدا زۆرێك لە سۆفییەكان ئاواتیان خواستوە توانای ئەو كارەیان نەبوایە و لەو بوارەدا كارامەییان نەبوایە، ئەمەش لەترسی خۆنواندن و غرور، یان دەرخستنی نزیكیان لەخودا، كە گوزارشتە لە نیشاندانی خواپەرستی (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الكلاباذي، ١٩٩٣: ٧٩-٨١؛ ابن الزيات، ١٩٩٧: ٥٤-٥٥)، ئەم گوتارەی سۆفییەكان دەربڕینێكە بۆ بەخشینی پیرۆزی بەو كارە، چونكە جەختكردنەوەیە لە جێبەجێ كردنی ئەركێكی ئاینی و لەخۆگرتنی كارێكە، كە بەبێ ویستی خۆی خراوەتە ئەستۆی بۆ پشتڕاستكردنەوەی بەڵگە ئاینییەكان.

دەتوانین لەهەردو سەرچاوەی سۆفیگەری (اللمع)، (التعرف لمذهب اهل التصوف)، باشتر ئەو بنەما گرنگە بخوێنینەوە (الطوسي، ١٩٦٠: ٣٩٠-٤٠٥؛ الكلاباذي، ١٩٩٣: ٧٩-٨٨)، سەرەڕای چەندین سەرچاوەی دیكە[٨]، كە نمونە گەلێكیان تێدایە باوەڕ و متمانەی پەیڕەوكارانی ئەو بوارە روون دەكەنەوە و پانتاییەكی فراوانی ئەو سەرچاوانە تەرخانكراوە بۆ جێگیر بون و سەلماندنی ئەو بنەما گرنگە، كە خۆی لە چەندین چیرۆك و بەسەرهاتی جۆراوجۆری سۆفییان دەبینێتەوە، ئەوەتا سۆفییەك دەڵێت: ئەوەی لەدونیا ماوەی ٤٠ ڕۆژ بەڕاستگۆیی و لەدڵەوە زوهدی كرد، ئەوا كەرامات دەنوێنێت، ئەگەر نەیتوانی كەرامات بنوێنێت ئەوا بەڕاستگۆیی زوهدی نەكردوە (الطوسي، ١٩٦٠: ٣٩٠)، یان شبلي دەڵێت: وەلی ئەگەر نەتوانێت كەرامات بنوێنێت ئەوا ڕاستگۆ نییە(الشعراني، ٢٠٠٥: ١٥٦)، ئەو گوزارشتە پشتڕاستكردنەوەی بنەمای كەراماتە، شەرعیەتدانیشە بە ڕەوایی ئەو كارە ناسروشتییانە لەچوارچێوە ئاینییەكەدا، بۆیە توێژەرێك پێیوایە ئەركی سەرەكی كەرامات لەسۆفیگەریدا سەلماندنی پیرۆزی بكەری كارەكەیە (بدران، ٢٠١٣: ١١٩).

ئێمە نامانەوێت لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و ڕاستێتی ئەو دەركەوتە ئاینییە بكۆڵینەوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕۆڵی ئەو بنەمایەیە لە پیرۆزكردنی كەسایەتییەكان لەسۆفیگەریدا، چونكە چیرۆك و بەسەرهاتی جۆراوجۆر هەن جەخت لە توانای نائاسایی كەسایەتییە سۆفییەكان دەكەنەوە، شەعرانی بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە لە سۆفییەك، كاتێك لە دەریادا

نقوم بوە، سەفەری کردوە بۆ بەغدا و ژنی هێناوە، شەش ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ماوەتەوە و منداڵیان بوە، دواتر سەری لەئاوەکە دەرهێناوە و جلەکانی لەبەر کردوە، کاتێك بەسەرهاتەکەی بۆ خەلك گێڕاوەتەوە باوەڕیان پێنەکردوە، دوای ماوەیەك دەرکەوتوە ژنەکە لەگەڵ منداڵەکانی سەفەری میسریان کردوە، لەژنەکەیان پرسیوە ئەویش پشتڕاستی بەسەرهاتەکەی کردوەتەوە، گوایا لای زانایانی ئەو سەردەمە لەو سۆفییە مارەکراوە (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٢٣).

بەسەرهاتێکی دیکەی هاوشێوە لە زمانی مووریدێك دەگێڕێتەوە، شێخێك نوێژی عیشای لەماڵەکەی خۆی کردوە لەمیسر، لەگەڵ ئەو موریدەی چوەتە مەککە و لە کەعبە نوێژێکی درێژی کردوە، دواتر سەردانی شاری مەدینەی کردوە و زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری کردوە، هەر لەم شەوەدا چوەتە شاری قودس و نوێژی کردوە، پێش نوێژی بەیانی گەیشتوەتەوە ماڵەکەی خۆی، بێئەوەی هەست بەماندو بون بکات (الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٢٢). باسی هەمان شێخ دەکات لەفێرکردنی زمانی قسەکردن، ئەگەر کەسێکی عەرەب بیویستبوایە زمانی عەجەمی فێر ببێت، یان بەپێچەوانەوە، تەنها بە فویەکی ئەو شێخە دەیتوانی بەشێوەیەکی ڕەوان بە زمانەکە قسە بکات، وەك ئەوەی زمانی دایکی بێت (الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٢٢)

شێخێکی دیکە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی کات و شوێن، تەنها بەناوی خودا هێنان توانیویەتی داواکاری دایکێك جێبەجێ بکات کە کوڕەکەی لەلای فەرەنگەکان زیندانی بوە و بۆی هێناوەتەوە (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٢٣).

لەپشت ئەم بەسەرهاتانەوە دەتوانین توانای کەسایەتی سۆفی بخوێنینەوە، بەشێوەیەك کات لەم پانتاییەدا بونی نییە، بەڵکو دەتوانێت کاتی ئاسایی کورت بکاتەوە لە ماوەیەکی درێژ بۆ کاتێکی کورتی دیاریکراو، وەك لەهەمان سەرچاوە گوتەی سۆفییەکی هێناوەتەوە کە دەڵێت: "وەلی خودا ویلایەتەکەی ڕاست نییە، ئەگەر لەهەموو نیوەڕۆیەکی ڕۆژی هەینی لە مەککە ئامادە نەبێت و بۆ نوێژی بەکۆمەل دوا بکەوێت" (الشعراني: ٢٠٠٥: ١١٨)، مەودای شوێنیش دەکەوێتە بازنەی ئیرادەی سۆفی و بەپێی ویستی خۆی بەرتەسکی دەکاتەوە، وەك مەعروفی کەرخی لەشەوێکدا، لەبەغدادەوە چوەتە شاری مەککە و سەردانی ماڵی خودای کردوە، هەر لەو شەوەدا گەڕاوەتەوە بەغدا (الرازي، ٢٠٠٢: ٢٦٢).

تەنانەت لەهەندێك کاتدا ڕوداو و بەسەرهاتەکان لەو پانتاییەدا سنوری ڕەهەندە ئاینەکانی تێپەڕاندوە، دەخوازێت تواناکانی بگەیەنێتە ئاستی توانا خوداییەکان، گەیشتوەتە ئەو ئاستەی زانیارییەکانی مەودا شەرعییەکان تێکبشکێنێت، شارەزایی لەجیهانی فریشتەکان هەبێت و بتوانێت قسەی فریشتە و ڕەگەزەکانیان جیا بکاتەوە، تەنانەت زانیاری لەسەر هەلسەنگاندنی کردەوەکانی مرۆڤ هەبێت لەڕۆژی دواییدا (السجلماسي، ٢٠٠٢: ٦).

بەلای ئێمەوە گرنگ نییە ئەو بەسەرهاتانە ڕاستن، یان بەرهەمی خەیالی کەسانێکن، ئەوەی گرنگە، ئەو بەسەرهاتانە بنەمای دروست بونی کەسانێکن توانایەکی نائاساییان هەیە، کە ئەویش توانایەکی ئاینییە، ئەویش پەیوەندی بە مەقامی سۆفییانێکەوە هەیە، کە پێشینەیەکی مێژویی ئاینییان هەیە، لەلایەکی دیکەوە، گێڕانەوەکەش تێڕوانینێکە لەسەر بنەمای خەیالی ئاینی بنیادنراوە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی وەلی و پیاوچاکان لەسۆفیگەریدا، توانای چاککردنەوەی نەخۆشە، ئەو توانایەش بەهۆی چڕبونەوەی باوەڕێکی زۆر لەدڵیدا بەرجەستە بوە، لەگێڕانەوەیەکی شەعرانی توانای شێخ گەیشتوەتە ئاستێك بتوانێت ململانێ لەگەڵ فریشتەی مردن بکات، گوایە کەسێك بەناوی ئەحمەد، نەخۆش دەکەوێت و فریشتەی مردن لە سەرەمەرگدا دێت بۆ ڕۆحکێشانی، بەڵام شێخەکە داوای لێکردوە بگەڕێتەوە لای خودا، فریشتەکەش گەڕایەوە و فەرمانەکەی هەلوەشاندەوە، لەگێڕانەوەکەدا ئاماژە بەوە دەکات نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە، دوای ئەو ڕوداوە زیاتر لە ٣٠ ساڵ ژیان بەسەر دەبات (الشعراني: ٢٠٠٥: ٤٩٥)، سەرەڕای ئەوەی سۆفییەك بەتەواوی بڕواوە باس لەتوانا و هێزی هەندێك وەلی دەکات، کە سنوری توانای مرۆڤی ئاساییان تێپەڕاندوە و توانای گێڕانەوەی بینایان هەبوە بۆ نابینا و مردویان زیندو کردوەتەوە (السجلماسي، ٢٠٠٢: ٢٥)، یەکێك لەموریدەکانی شێخ عەدی، بەوپەڕی بڕواوە بەسەرهاتێکی لێدەگێڕێتەوە کە توانیویەتی مردو زیندو بکاتەوە (التادفي، ١٩٥٦: ٨٦؛ العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٤٦).

ئەو دیاردەیە لەزۆربەی تەریقەتەکاندا بوەتە حەقیقەتێکی مێژویی و چەندین سیفاتی خودایی دراوەتە پاڵ ئەو کەسایەتییانە، هۆکاری سەرەکیش بۆ متمانەی پەیڕەوکاران و موریدانی ئەو کەسایەتییانە، بونی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەیە، کە بۆ شێخ و سۆفییەکانیان دروستکراوە، ئەو حەقیقەتە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لەلای مورید و شوێنکەوتوان، بەهۆی ئەوەی بەشێکە لەجیهانی فراوانی هەستپێکراوی شێخەکان، کە پێکهاتەیەکی ئالۆزە و لەدیدی سۆفیگەرییەوە ئەو هێزەی لەتوانا خوداییەکان وەرگرتوە (جادالله، ١٩٩٠: ٤٣)، بەمانایەکی دیکە ئەوەی پەیوەستە بە بونیادی ئەو باوەڕە، پەیوەندی تایبەتی نێوان شێخ و خودایە لەبەرهەمهێنانی کەرامات، ڕۆڵی پێشەوایەتی کەسایەتی شێخی کردوەتە پرۆسەیەکی ئاسانتر قبولکراو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەتێپەڕبونی زەمەن، قبولکردنی کەرامات دەبێتە پرۆسەیەکی ئەخلاقی و دەست بەسەر هوشیاری تاکەکانی بڕوادارانی دا دەگرێت، ئیدی بەهەمان شێوەی سیستەمە ئاینییەکان وێنایەکی پیرۆز بەرهەمدەهێنێت، کە ناتوانرێت ڕەتبکرێتەوە.

هەموو ئەو بەسەرهاتانە و چەندانی دیکە ئاماژەن بۆ پێگەی سۆفی وەك کەسایەتییەکی خاوەن توانای سەرو مرۆڤ، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە موریدەکان باوەڕێکی ڕەهایان بەهەموو ئەو چیرۆکانە هەبوە و بە حەقیقەتێکی ڕەهایان بینیوە، بۆیە هەموو ئەوانە بونەتە کەرەسەیەکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی کلتوری پیرۆزکردنی کەسایەتییەکان، چونکە دواجار ملکەچی ئەو پیرۆزییە دەبن، ئەو ملکەچییەش لەئەنجامی کەمی توانای موریدە لە تەفسیرکردن و خوێندنەوەی کەسایەتی سۆفی، یان درکنەکردنی بە جەوهەری ڕوداوەکان، وایکردوە متمانەی بەخۆی نەمێنێت و تەسلیمی ڕاستێتی ڕوداوەکان بێت، چونکە دواجار ئەو وێناکردنەی مرۆڤ، کە پیرۆزی بەرهەمدەهێنێت، لەهەر کایەیەکدا، بەرەنجامی کەمی زانیاری مرۆڤە بەرامبەر بە خودی خۆی، ئنجا نەبونی توانای تەفسیرکردنی پیرۆزکراوەکە (قەرەداغی، ٢٠١٢: ١٧).

موریدەکانیش خۆیان بەشێك بونە لە پرۆسەی بەردەوامێتی گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە، ئامانجی سەرەکیش لەم پرۆسەیە پەرینەوەیە لە باوەڕی تاکێتییەوە بۆ باوەڕی دەستە جەمعی، چونکە بەردەوامیدان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان، دروستکردنی وێنایەکی ئەفسانەییە بۆ کەسایەتییەکان و سەرسام کردنی بەرامبەریشە، لەم پرۆسەیەدا هەمیشە مەزنەکان مەزنتر دەبن و پیرۆزی کەسایەتییەکانیش زیاتر دەردەکەون، بەمانایەکی دیکە باوەڕدار و موریدانی سەر بەم کایە ئاینییە، دەیانەوێت زۆرترین

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp24-35

باوەڕداری هاوشێوەی خۆیان بەرهەم بێنن، ئەگەر سەرنج بدەین ئەو حاڵەتە لەکۆی بیروباوەڕەئاینییەکان پیادە دەکرێت، چونکە گونجاو نییە بیروباوەڕی ئایینی لەچوارچێوەی تاك سنوردار بکرێت، بەڵکو بۆ بەردەوامی و درێژەدان بەم باوەڕە هەوڵ دەدات زۆرترین تاکی کۆمەڵگە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە (السواح، ٢٠٠٢: ٤٩).

گێڕانەوەی بەردەوامی کەرامات و بەسەرهاتەکان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کلتوری سۆفیگەری، سەرچاوە سۆفیگەرییەکان مەودایەکی فراوانیان بۆ ئەو بنەمایە تەرخانکردوە، سۆفی و وەلی و شێخەکان هەمیشە لەپاڵ ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردنی موریدەکان، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیان کردوەتە بەشێك لە سیستەمی پەروەردە کردن، بەوەش پەیوەندی خۆیان و موریدانیان تۆکمەتر کردوە، چونکە دەستگرتن بە هەر نەریتێك و بەردەوامی و پەیوەستبون پێیەوە، بەتێپەڕبونی کات، کلتوری پیرۆزکردن بەرهەمدەهێنێت، باوەڕی ئایینی لەدەرەوە بۆ ناو خودی تاك دەگوازێتەوە، ئەزمونکردنی بەردەوام کاریگەری لەسەر بەهێزبونی بیروباوەڕ دەکات و زیاتریش پەیوەستی دەکات بەخۆیەوە (السواح، ٢٠٠٢: ٥٣-٥٤)، توێژەرێك دوپاتی ئەو بۆچونە دەکاتەوە، پێیوایە دوبارە بونەوەی هەندێك جولە و چەمك لەسۆفیگەریدا بەدەنگەوەچونی سروشتی ئایینی کۆمەڵگایە، وەك سەما و سرودی ئایینی و گوتنەوەی بەردەوامی چەمکی الله، الله ( الیاد، ١٩٨٧: ١٣٩/٣).

گێڕانەوەی بەردەوامی ئەو دیاردەیە، پێویستییەکە بۆ تێر بونی لایەنی ڕۆحی کۆمەڵگە، چونکە لەگەڵ پێداویستی و ئەفسانە میللییەکان تێکەڵ دەکرێن، بۆئەوەی زۆرترین سەرنج بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی ئاستی وشیارییان نزمە، خەیاڵ و خەیاڵگە، یان ئەفسانە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە داڕشتنی مێژوو، بەمەش کەسایەتییەکی نمونەیی پیرۆز بەرهەم دێنن، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەفسانە، پێشکەشکردنی وێنایەکی بابەتییانە نییە بۆ گەردون، بەڵکو گوزارشتکردنێکی هەستەکیی مرۆڤە لەخودی خۆیەوە بۆ ئەو گەردونە (مبروك، ٢٠١١: ٥٣)، لە کلتوری سۆفیگەریشدا، بەرهەمهێنانی مێژو پەیوەندی بەو وێنا کردنە هەستەکییەی خودی مرۆڤەکانی دیکە هەیە لە بەرگێکی ئایینیدا.

هەموو ئەو بەسەرهاتانەی ئاماژەیان پێدرا، گوزارشتن لە پیرۆزی کەسایەتی سۆفییەکان، لەهەمانکاتیشدا نەمرکردنی چیرۆکەکانە بەمەبەستی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنی فێرخوازەکانی ئەو ڕێبازە و ڕاهێنانانیانە لەسەر باوەڕبون بەو بەسەرهاتانە .

ئەگەر ئەو چیرۆکە کەراماتییانە لەپاڵ بنەماکانی دیکەی پیرۆز کردن، مەبەستداریش نەبێت، تێڕوانینێکی نمونەییانەیە، کە ناسنامەی سۆفی تەبەنی دەکات، وەك کەسایەتییەکی ڕۆحانی و پیرۆز جێگیری دەکات و وەك بونێکی ئەزەلیانە تەفسیری دەکات، دواتر دەبێتە کەلەپورێکی ڕێزلێگیراوی ئەوتۆی زیندوو، کە نەوە یەك لەدوای یەکەکان دەیپارێزن، لێرەوە پیرۆزی دوای مردنی سۆفیش بەردەوام دەبێت و خەڵکی سەردانی گۆڕەکانیان دەکەن و دەیکەنە مەزارگە (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٠٣).

مێژو بەتەنها گێڕانەوەی ڕوداوە ڕاستەقینەکان نییە، واتە تەنها ئەو ڕوداوانەی لەشوێن و کاتێکی دیاریکراودا ڕویاندا بێت، بەڵکو ئەوە تەنها بەشێکە لە مێژوو، خەیاڵ و وڕێنە(وەهم) و زیادەڕەوی کۆمەڵگە کە تێکەڵاوی ئەو ڕوداوانە کراوە، بەشەکەی دیکە پڕ دەکەنەوە، ئەو خەیاڵ و وڕێنەش پەیوەستن بەلایەنی سۆزداری کۆمەڵگە و ڕۆڵی زیادکردن و کەمکردنی ڕوداوەکان دەبینن، کاتێك باس لە قارەمانێتی تاکێکی کۆمەڵگەکەی دەکات، ئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگەکەی ناگونجێت پەراوێزی دەخات، هەندێکیش کە لەناو ڕوداوەکە وجودیان نییە، بەڵام بەهۆی پێویستی لایەنی ڕۆحی کۆمەڵگە، زیادی دەکەن، بەڵام دواجار دەبێتە بەشێك لەڕاستی و مێژوو بەرهەمدەهێنێت، ئارکۆن دەڵێ: "ڕۆڵی ئەو پشتگیریکردنە زۆر بەهێزتر بوە لەو ڕۆڵەی کە ڕوداوە مێژوییە ڕاستەقینەکە بەشێوەی کردەنی ڕویداوە" (ئارکۆن، ٢٠٠٦: ٢٣)، جەخت لەمەش دەکاتەوە خەیاڵگەی موسوڵمانەکان ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە دروستکردنی ژیاننامەی پیاوە مەزنەکان، شێوەیەکی ئایدیالیستی پیرۆزکراویان بۆ داڕشتون، کە زۆر نزیکە لە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی، وەك ئەوەی کە موسوڵمانەکان بۆ ژیاننامەی عەلی و محمدیان دروست کردوە (ئارکۆن، ٢٠٠٦: ٢٤). کلتوری سۆفیگەرییش هەمان ناسنامە هەڵدەگرێت، ئەوەندەی ڕوداوە ڕاستییەکان ڕۆڵیان بینیوە لە بزواندنی مێژوو، ئەوەندەش خەیاڵ و خەیاڵگە و وڕێنە ئاینییەکان مێژویان ئاراستە کردوە لەو کلتورەدا، چونکە دواجار ناتوانێت خۆی ببوێرێت لەکاریگەری ئەفسانە و پێداویستییە ڕۆحییەکانی کۆمەڵگە ئاینییەکە.

## ٦. تەوەری چوارەم: ڕۆڵی پەیوەستەگی و ملکەچی مورید لە پیرۆزکردنی سۆفی

لە کلتوری سۆفیگەریدا مورید بەشێکی سەرەکی مێژوکردی ئەو پیرۆزکردنەیە، چونکە بەشێکی زۆری بەسەرهات و چیرۆکە کەراماتییەکان بەرهەمی خەیاڵی ئەو پێکهاتەیە، یان خۆی کارەکتەرێکە لەو بەسەرهاتانە، یانیش بۆیان گێڕدراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەوپەڕی متمانە و دڵنیاییەوە لەفۆرمێکی ڕاستێتی مێژوییدا پەخشی دەکات و دەیگێڕێتەوە .

دەتوانین بڵێین ئەو دڵنیاییەی مورید بەرهەمی ئەو زەمینەسازییەیە کە لەو کلتورەدا ڕەنگدانەوەی هەیە، چونکە بەشێوەیەك کار لەسەر تێفکرین و دەستەمۆکردنی کراوە، کە بیر لەپرسیار و گومان نەکاتەوە سەبارەت بە کۆی ڕەهندەکانی ئەو کلتورە، گوتەی سۆفییەك هەیە دەڵێت: "ملکەچی مورید بۆ شێخ، لە سەروی ملکەچییەتی بێت بۆ خودا" (العطار، د.ت: ١٧٨)، چەندین دەق و گوزارشتی دیکەمان هەن جەخت لەو پەیوەستبونەی مورید دەکەنەوە بەرامبەر شێخ و سۆفییان، ئادابەکانیشیان هەر لەلایەن ڕابەرانی سۆفیگەری دیاریکراوە، دەقگەلێکی زۆری گەورە سۆفیانمان هەن پشتڕاستی پێویستی پابەندبون و ملکەچی مورید بۆ شێخ دەکەنەوە[٩] .

شێخ عبدالقادری گەیلانی ئەوەی دوپات کردوەتەوە ئەگەر مورید باوەڕی تەواوی بەشێخ نەبێت، هیچ سودێکی لێنابینێت (الشعراني، ١٩٨٨: ١٧٤/١)، هەروەها دیارترین گوتاری سۆفییانە لەپەیوەستبونی مورید بەڕێبازەکەی، جەخت لەمە دەکاتەوە، کە مورید دەبێت ملکەچ و پابەندی تەواوی شێخ بێت، ئەمەش پێکهێنانی کەسایەتییەکی سادە و لاوازە بۆ مورید، کە ئامانجی دەستەمۆکردن و بەدەستهێنانی گوێڕایەڵی ڕەهایەتی بۆ شێخ، لەکاتێکدا شێخی سۆفی کەسایەتییەکی ئاڵۆزە و لەلایەن موریدەوە ناتوانرێت تەفسیر بکرێت، ئەو تەفسیر نەکردن و نەبونی توانای خوێندنەوەی واقعییانە بۆ هەر کایەیەك، بەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی پیرۆزی بەرهەمهێناوە، ئەمەش وایکردوە دەسەڵاتی شێخ بەشێوەیەکی ڕەها، دەستبگرێت بەسەر بیرکردنەوە و مەعریفەی مورید، بۆیە لەلایەن موریدانەوە چەندین چیرۆك و بەسەرهاتی ئەفسانەوی بۆ شێخ و گەورە سۆفییان بەرهەم دەهێنرێت، کە لەپێشتردا ئاماژەمان پێدا، دەبێتە بەشێك لە یادەوەری مورید و فۆرمێکی پیرۆزی وەردەگرێت.

ئەو ملکەچی و پەیوەستەگییە لە کلتوری سۆفیگەریدا بەشێکە لەئادابی مورید،

سەرچاوە سۆفیگەرییەکان لەڕێنمایی شێخەکانەوە چەندین یاسا و سیستەمیان بۆ مورید دیاریکردوە، کە نابێت لە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان شێخ لابدات، زۆرێك لەسەرچاوە سۆفیگەرییەکان ئەم پەیوەستبونە ڕوون دەکەنەوە (بڕوانە: الرازي، ٢٠٠٢: ٢٨١-٢٩٠؛ الشعراني، ١٩٨٨: ١/١٨٣-٢٠٥)، گوتاری گەلی سۆفییانیش هەولی تۆخکردنەوەی ئەو پەیوەستەگییە دەدەن، گوتەیەکی شێخ عەدی جەخت لەمە دەکاتەوە، کە ڕێنمایی موریدەکانی دەکات و دەڵێت: "ناتوانی سود لەشێخ ببینی ئەگەر باوەڕبونت پێی لەسەروی هەموو باوەڕبونێکەوە نەبێت، لەکاتی ئامادەنەبونی دەتپارێزێت، پەروەردەت دەکات بە ئەدگارو ڕەوشتەکانی، بەدەرکەوتنی ناخت ڕۆشن دەکاتەوە، ئەگەر باوەڕبونت بەشێخ لاواز بێت، ئەوا پێچەوانە دەبێتەوە و تاریکایی ناخت دادەگرێت، هیچ سودێك لەشێخ نابینی ئەگەر لەبەرزترین پلەی پیاوچاکانیش بیت" (العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٢٩؛ الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٠٣)

لەپانتایی ئەو ڕەوتە ئاینییەدا گوێڕایەلی مورید گەیشتوەتە ئاستێك بەبێ ڕەزامەندی پێشەواکەی ناتوانێت کرداری چاکیش ئەنجام بدات، تەنانەت دەبێت بەشێك لەئەرکە ئاینییەکانیش بەئاگاداری و ڕێنمایی ئەو بێت، ئەوەتا گەورە سۆفییەك دوپاتی ئەوە دەکاتەوە، دەڵێت: "موریدی ڕاستگۆ لەگەڵ شێخەکەی، دەبێت وەك مردویەك بێت لەدەستی مردو شۆر بەبێ قسەکردن و جولە، بێ ئاگاداری شێخەکەی نابێت دەست بۆ هیچ زانستێك ببات، تەنانەت خوێندنی قورئانیش" (الشعراني، ١٩٨٨: ١/١٨٩)، ئەمەش مورید ناچار دەکات هەمیشە سیستەمی گوێڕایەلی جێبەجێ بکات، چونکە ئامانجی سەرەکی بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودایە، ئەو خۆشەویستییەش لەڕێگەی پەیوەستبون بەشێخ و دژایەتی دوژمنەکانی شێخ دەستەبەر دەکرێت (ابن الملقن، ٢٠٠٦: ١٢١)، چونکە لەتێگەی ئەواندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان خودا و کەسایەتی سۆفی، ئەوەتا گوتارێکی سۆفییانەمان هەیە دەڵێت: " ئەگەر سۆفی و پیاوچاکانت خۆشویست ئەوا خودات خۆشدەوێت، وە ئەگەر ئەوان تۆیان خۆشویست ئەوە خودا تۆی خۆش دەوێت" (الشعراني، ٢٠٠٥: ١٣٦)

سۆفییەکی دیکە دەڵێت: "مورید پێویستە بەتەنها بگەڕێتەوە بۆ گوتەی شێخ، نەك کەسێکی دیکە، تەنانەت ئەگەر قسەکانی پێچەوانەی بەڵگە و بیروڕای زانایانیش بێت، ئەگەر مورید لەفرمانەکانی شێخ هەلگەڕایەوە و توانجی لێدا، نابێت کەس باوەڕی پێبکات، چونکە بەدڵنیاییەوە تۆمەت بۆ شێخ دروست دەکات" (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٨٤)، ئەو گوتارە داخستنی هەموو دەرچەیەکی گومانە لەکەسایەتی شێخ، پێش ڕودانی کارەکە شوێنکەوتوان دلنیا دەکاتەوە لەهەر تۆمەتێکی دروستکراو بۆ ئەو کەسایەتییە، چونکە زانست و ئامۆژگاری، تەنانەت ڕەفتارەکانی ئەو کەسایەتییە لەخۆوە نییە و لەڕێگەی ئیلهامەوە کردارەکانی دیاریکراوە، پەیوەستیشە بەو چوارچێوەی بۆی دیاریکراوە، سوهرەوەردی لەم بارەیەوە دەڵێت: "شێخ ئەمینە لەئیلهامەکەی بۆ مورید، وەك چۆن جبرائیل ئەمین بوو لە وەحی بۆ پێغەمبەرەکەی" (السهروردي، ٢٠٠٠: ٢/٢٠٧)، جەخت لەمە دەکاتەوە شێخ ناپاکی ناکات لە ئیلهامەکانی، بەهەمان شێوەی جبرائیل کە ناپاکی نەکرد لە پەیامەکەی، چونکە شێخ پەیڕەوکاری پێغەمبەرە (د.خ)، هیچ شتێك لەخۆیەوە دەرنابڕێت، وەك ئەوەی کە پێغەمبەر هیچ شتێکی لەخۆیەوە دەرنەبڕیوە (السهروردي، ٢٠٠٠: ٢/٢٠٧)

لەلایەکی دیکەوە گوتاری سۆفییەکان بەردەوام ئامانجی جێگیرکردن و بڕواداری موریدە، تا بتوانێت سنور بۆ هەر هەولێك دابنێت، کە لەدەرەوەی ڕێنماییەکی شێخی سۆفی مورید ئاراستە بکات، هەمیشە دوپاتی سەرچاوەی زانینی مورید دەکاتەوە بە خۆتەرخانکردن و گوێڕایەلی بۆ شێخی سۆفی، بۆیە پێویستە مورید گوێڕایەلی شێخ بێت بەبێ هیچ لێکدانەوەیەك، ملکەچی فرمانەکانیشی بێت بۆ هەرکارێك، تەنانەت ئەگەر شێخ لەکارەکەیدا هەلەشی کرد (الشعراني، ١٩٨٨: ٢/٣٦)، تەنانەت زانیارییەکانی مورید کورتکراوەتەوە بەتەنها لەو زانیارییانەی لە شێخەکەی وەریدەگرێت، چونکە ناگاتە هیچ چاکەیەك تەنها بەهۆی ئەوەوە نەبێت (الشعراني، ١٩٨٨: ٢/٦)، ئەگەرچی ئەم گوتارە بەشێکە لەڕێزگرتن و پابەندبون بەڕێنمایی و ئادابی سۆفیگەری، ئەرکی لەپێشینەی بڕوادارانە، فەرامۆشکردنیشی دەرچونە لە فەرمایشتە ئاینییەکان (بڕوانە: السهروردي، ٢٠٠٠: ٢/٢٠٦-٢١٧)، ئەو ڕێزگرتنەش بەرهەمی توانایی شێخە لەبەخشندەیی بەرامبەر مورید، بۆ نمونە شێخ عەدی توانای ئەوەی هەبوە کە تەنها بە ئاماژە کردنێك، موریدەکانی فێری قورئان بکات (التادفي، ١٩٥٦: ١١٠)، ئەو بەخشندەییە زەمینەسازییەك بوە بۆ ڕێز و ملکەچی مورید، دواجار سنوری ئەو گوتارە تێدەپەڕێنێت و مورید ناتوانێت بەعەقلی خۆی بیر بکاتەوە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەو ئادابانەی سۆفیگەری .

لە عەبدوللای کوڕی سەهل دەپرسن یاوەری نزیك کێیە؟ لە وەڵامدا مورید دەستنیشان دەکات و بەجۆرێك دەیناسێنێت، کە داوای زۆر ناکات و نکولی لەهیچ شتێکیش ناکات، ئامادەیە لەهەر دۆخێکدا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی شێخ (الکلاباذي، ١٩٩٣: ٢٠)، لێرەدا مورید کەسێکە خاڵییە لەبیرکردنەوە، پابەندە بە ڕەتکردنەوەی هەموو شێوازێکی پرسیارکردن لە کەرامات و ڕەفتار و کەسایەتی و پێگەی کەسایەتی گەورە سۆفییان، هەموو ڕەهەندەکانی گومانکردنیش دەسڕێتەوە، بۆیە دەبێتە ئامرازێك بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی و دروستی دەرکەوتە ئاینییەکە.

هەموو ئەو نمونانە ڕەهەندەکانی متمانەداری مورید دوپات دەکەنەوە، چونکە بەجۆرێك پشت بەتواناکانی شێخ دەبەستێت، لەبەسەرهاتەکانی شێخەوە تەماشای مێژوو دەکات. ڕوداو لە عەقل و ئیرادەی مرۆڤ دادەبڕێت و خەیالگە دەکاتە سەرچاوەی دروستکردنی مێژوو، بۆیە لێرەدا مورید دەبێتە بەدیهێنەری ئەو مێژوەی کەخۆی تێیگەیشتوە، چونکە کەرامات و بەسەرهاتەکان لای ئەو حەقیقەتێکی ڕەهایان هەیە و دەیەوێت بەگێڕانەوەیان لای کۆی کۆمەلگە بیکاتە هەمان حەقیقەتی مێژویی، نوسینەوەی مەناقبی گەورە سۆفییەکانیش بەشێکە لەو حەقیقەتە مێژوییە.

ئیدی ئەو جۆرە دەقانە، دەسەڵاتی کۆنترۆل کردن و پێکهاتەی کەسایەتی مورید دیاری دەکەن، مورید ملکەچی و پابەند بون دەکاتە دید و تێڕوانینێکی قەبولکراو، دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییەش (لە نێوان شێخ و مورید) زادەی دەرەنجامی خواپەرستی و زاهیدانەی شێخ و سۆفییەکانە، چونکە کارایی چەمکی پیرۆزکردن لەفکری سۆفیگەریدا بۆ بەهێزی و پەیوەستەگی ئایین دەگەڕێتەوە و بوەتە کلتورێکی پیرۆز (جادالله، ١٩٩٠: ٤٩)

بۆیە شێخ دەبێتە ئەو ناوەندەی تەواوی تێفکرین و بیرکردنەوەی مورید دەگرێتەوە، ئەمەش شێوەیەکە لە ونبونی ناسنامەی مورید، تادەگاتە ئاستی قبولکردنی هەر گوتارێکی سۆفییانە بەبێ تێگەیشتنێکی بابەتیانە، بەمەش شێخ دەبێتە دەروازەی خود دۆزینەوە و هەمیش پەی بردن بەحەقیقەت.

سەرەنجام ترسێك دروست دەکات کاریگەری دەبێت بەسەر مورید، چونکە شێخ

یەکێکە لەپایەکانی گەیشتن بەیەقین، بۆیە دەتوانین بڵێین زێدەڕۆیی زاهیدانەی سۆفییەکان، ڕەنگدانەوەی بەسەر پەیڕەوکردنی ئایینیانەی شوێنکەوتەکان دەبێت، لە سەرسامبون و پەیڕەویکردن لەڕێنماییەکانی پێشەوا و داهێنانی کەراماتی جۆراوجۆر و نیشاندانی پێشەوا وەك کەسێکی ناسروشتی، بەمانایەکیتر ڕەهایی لەخوداپەرستیدا لەلای شوێنکەوتە دەبێتە ڕەهایی دەسەڵاتی شێخی سۆفی بەمانا کۆمەڵایەتی و ئایینییەکەی.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین، بەرهەمهێنانی کەسایەتی پیرۆز، ئەوەندەی پەیوەندی بە ڕاستێتی پیرۆزی کەسەکە هەیە، لەمە زیاتر پەیوەندی بەسروشتی تێگەیشتن و خەیاڵی کۆمەڵگە هەیە، کە دەیەوێت مانایەکی مێژویی بۆ ئەو کەسایەتییانە دروست بکات، ئەگەرچی لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگا کردەی درککردن بۆ ئەو مانایە جیاوازە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، لە لای بەشێکیان، بەتایبەتی بڕوادارانی سەر بەو پانتاییە، ڕاستێتییەکی ڕەهایە و بۆچون و گومان هەڵناگرێت. هەموو ئەو سڕینەوەی گومانەش لەئەنجامی ئەو بنەمایانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوە، بوەتە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کەسایەتی پیرۆزکراوی خاوەن پێگەی نائاسایی، کە ئامادەییەکی سەرو مێژوییان هەیە.

## ٧. ئەنجام

لەئەنجامی گەڕان بەنێو سەرچاوە مێژوییە سۆفیگەرییەکان و خوێندنەوەی ژیاننامەکانیان، گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- کەسایەتی سۆفی لەو پانتاییە ئاینییەدا تایبەتمەندی ڕێزو خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەی هەیە لەلایەن بڕواداران و شوێنکەوتواندا، زیادەڕەوی لەو ڕێز و خۆشەویستییە سەرچاوەی سەرەکی پیرۆزکردنیانە.

٢- پیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفی بنەمایەکی ئایینی هەیە، چونکە بەدرێژایی مێژوی سۆفیگەری ئیسلامی لەلایەن سۆفییە گەورەکان جەخت لە خواپەرستی و پەیوەستبون بە بنەما ئاینییەکان کراوەتەوە.

٣- بەشێکی پیرۆزکردنی کەسایەتی سۆفی لەو پانتاییەدا بۆ خودی سۆفییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ناساندنی سۆفی و سۆفیگەری، هەروەها ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانیان بۆ مورید، سەرەڕای گێڕانەوەی بەسەرهات و ژیاننامەی گەورە سۆفییان لەلایەن خۆیانەوە ئەو کلتورەی بەرهەمهێناوە.

٤- کەراماتی سۆفییان یەکێك لەپایە گرنگەکانی ئەزمونی سۆفیگەرییە، لەتێڕوانینی ئەو ئەزمونەدا حەقیقەتێکی ڕەهای هەیە و هیچ بەڵگەیەك ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە، تەنانەت لەلای بەشێکیان بوەتە بەشێك لەبیرو باوەڕی ئایینی.

٥- هەرچەندە بەشێك لەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی کە لەسۆفییان دەگێڕنەوە، لەگەڵ نەریتە باوە ئاساییەکان یەکناگرێتەوە، بەڵام بەهۆی پەیوەستەگی و پابەندبونی مورید بەڕەوتەکە، بوەتە حەقیقەتێکی مێژویی و بڕوای تەواویان هەیە بەو ڕوداوانە.

٦- هەموو کار و کردەوەیەکی سۆفی لەلای موریدانیان ئەنجامدانی ئەرکی ئاینییە، چونکە زۆر لە سۆفییەکان کارێکیان نەکردوە بەبێ ئیلهام وەرگرتن، تەنانەت هەندێك لەسۆفییەکان بانگەوازی ئەوەیان کردوە، نوسینی بەرهەمەکانیان بۆ ئەو ئیلهامانە دەگەڕێتەوە، کە لەخەوندا لە خودایان وەرگرتوە.

٧- لەپانتایی سۆفیگەریدا مورید بەتەواوی پەیوەستە بە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی کەسایەتی سۆفی و تاکە سەرچاوەی زانیارییەکانیەتی، بەرهەمهێنانی ئەو کلتورەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین دەقی سۆفییەکان، کە گوزارشت لەو پەیوەستەگییە دەکەنەوە.

## ٨. سەرچاوەکان

### ٨,١. سەرچاوە کوردییەکان

برۆنسن، مارتین ڤان. (٢٠١١). ئاغا و شێخ و دەولەت، وەرگێڕانی کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی: سلێمانی.
سعید، ئەبوبەکر عەلی. (٢٠٠٠). ڕوانینێك بۆ کلتور; مرۆڤ و کۆمەلگە، گۆڤاری ژیار، ژمارە (٥)، سلێمانی.
قەرەداغی، ئومێد. (٢٠١٢)، کێشەکانی هزری ئایینی، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران: سلێمانی.
لەشکری: حەیدەر. (٢٠١٣)، لەشەریعەتەوە بۆ حەقیقەت – سەرهەڵدانی سۆفیگەری لەپانتایی کوردیدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە: هەولێر.
مشەختی، کامەران ئیبراهیم. (٢٠١١)، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مەلای جەزیری) دا، دار سپیرێز للطباعة والنشر: دهۆك.
نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ عەلاءالدین. (٢٠١٥)، تەصەوف چییە، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی بێخود: سەید صادق.

### ٨,٢. سەرچاوە عەرەبییەکان

أبوزيد، د. نصر حامد. (٢٠٠٢)، هكذا تكلم ابن عربي، الهيئة العامة للكتاب: القاهرة – مصر.
ابن ابي اصيبعة، موفق الدين ابي العباس احمد بن القاسم الخزرجي. (د.ت)، عيون الانباء في طبقات الاطباء، شرح و تحقيق نزار رضا، دار مكتبة الحياة: بيروت.
الياد، مرسيا. (١٩٩١)، مظاهر الأسطورة، ترجمة نهاد خياطة، دار كنعان للدراسات والنشر: دمشق.
الياد، ميرسيا. (١٩٨٧)، تاريخ المعتقدات والافكار الدينية، ترجمة عبدالهادي عباس، دار دمشق: سورية.
بدران، د.محمد ابو الفضل. (٢٠١٣)، ادبيات الكرامة الصوفية، الهيئة العامة لقصور الثقافة: القاهرة.
برادة، علي حرازم. (١٩٩٧)، جواهر المعاني وبلوغ الاماني في فيض ابي العباس التجاني، ضبته وصححه عبداللطيف عبدالرحمن، دار الكتب العلمية: بيروت.
التادفي، محمد بن يحيى الحنبلي. (١٩٥٦)، قلائد الجواهر في مناقب عبدالقادر، مطبعة مصطفى البابى الحلبى واولاده: مصر.
ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس الحراني. (٢٠٠٤)، مجموع الفتاوى، جمع وترتيبه عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، مجمع الملك فهد للطباعة والنشر: المملكة العربية السعودية.
جادالله، منال عبدالمنعم السيد. (١٩٩٠)، أثر الطريقة الصوفية في الحياة الاجتماعية لأعضائها. رسالة الدكتوراه، كلية الاداب، جامعة الاسكندرية.
الخشت، د. محمد عثمان. (٢٠٠١)، مدخل الى فلسفة الدين، دار قباء للطباعة والنشر: القاهرة.
ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد الاربلي. (١٩٧٧)، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، حققه احسان عباس، دار صادر: بيروت.
ابن خميس، الحسين بن نصر بن محمد الموصلي. (٢٠٠٦)، مناقب الابرار ومحاسن الاخيار، تحقيق محمد أديب الجادر، مركز زايد للتراث والتاريخ: دولة الامارات العربية المتحدة.
الرازي، محمد بن أبي بكر بن عبدالقادرشمس الدين. (٢٠٠٢)، حدائق الحقائق، تحقيق سعيد عبدالفتاح، مكتبة الثقافة الدينية: القاهرة.

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp24-35

رستم، سعد. (٢٠٠٤)، الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات، دار الأوائل للنشر والتوزيع: دمشق- سورية.

ابن الزيات، ابي يعقوب يوسف بن يحيى التادلي. (١٩٩٧)، التشوف الى رجال التصوف وأخبار ابي العباس السبتي، تحقيق احمد التوفيق، دار البيضاء: المملكة المغربية.

السبكي، عبد الوهاب بن علي بن عبد الكافي. (١٩٦٤)، طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق عبدالفتاح محمد الحلو و محمود محمد الطناحي، دار احياء الكتب العربية.

السجلماسي، احمد بن المبارك السجلماسي المالكي. (٢٠٠٢)، الابريز من كلام سيدي عبدالعزيز الدباغ، دار الكتب العلمية: بيروت.

السهروردي، شهاب الدين ابي حفص عمر. (٢٠٠٠)، عوارف المعارف، تحقيق عبدالحليم محمود و محمود بن الشريف، دار المعارف: القاهرة.

السواح، فراس.(٢٠٠٢)، دين الانسان – بحث في ماهية الدين ومنشأ الدافع الديني، دار علاءالدين: سوريا.

الشعراني، أبي المواهب عبدالوهاب بن احمد الانصاري. (٢٠٠٥)، الطبقات الكبرى المسماة بلواقح الانوار في طبقات الاخيار، تحقيق سليمان الصالح، دار المعرفة: بيروت.

الشعراني، عبد الوهّاب بن أحمد بن علي الأنصاري. (١٩٨٨)، الانوار القدسية في معرفة قواعد الصوفية، تحقيق طه عبدالباقي سرور و محمد عبدالشافعي، مكتبة المعارف: بيروت.

شغموم، الميلودي. (١٩٩٢)، المتخيل والقدسي في التصوف الاسلامي-الحكاية والبركة، منشورات المجلس البلدي بمدينة مكناس.

شيمل، آنا ماري. (٢٠٠٦)، الآبعاد الصوفية في الاسلام وتاريخ التصوف، ترجمة محمد اسماعيل السيد و رضا حامد القطب، منشورات الجمل: بغداد.

الطوسي، أبو نصر-عبدالله بن على السراج. (١٩٦٠)، كتاب اللمع، تحقيق عبدالحليم محمود و طه عبدالباقي سرور، دار الكتب الحديثة: مصر.

عبدالخالق، عبدالرحمن. (د.ت)، الفكر الصوفي في ضوء الكتاب والسنة، مكتبة ابن تيمية: الكويت.

العسقلاني، احمد بن علي بن حجر الكناني. (٢٠٠٨)، النور السافر في مناقب سيدي عدي بن مسافر، تحقيق وتعليق احمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية: بيروت.

العطار، فريد الدين ابو طالب محمد نيشابورى. (د.ت)، تذكرة الاولياء، دون مكان نشر .

القادري، برهان الدين ابراهيم بن علي الديري. (٢٠٠٨)، الروض الزاهر في مناقب الشيخ عبدالقادر، تحقيق أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية: بيروت.

القشيري، أبو القاسم عبدالكريم بن هوازن النيسابوري. (٢٠٠١)، الرسالة القشيرية، وضع حواشيه خليل المنصور، دار الكتب العلمية: بيروت.

الكلاباذي، ابي بكر محمد بن اسحق. (١٩٩٣)، التعرف لمذهب اهل التصوف، ضبطه وعلق عليه احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية: بيروت.

لوح، محمد أحمد. (٢٠٠٢)، تقديس الاشخاص في الفكر الصوفي، دار ابن عفان: القاهرة.

مبروك، د.أمل. (٢٠١١)، الأسطورة والايديولوجيا، دار التنوير للطباعة والنشر: بيروت.

المحمدي، عبدالقادر موسى. (٢٠٠١)، الاغتراب في تراث صوفية الاسلام، بيت الحكمة: بغداد.

ابن المستوفي، شرف الدين ابو البركات الاربلي. (٢٠١١)، تاريخ اربل المسمى نباهة البلد الخامل بذكر بمن ورده من الاماثل، تحقيق محمد عثمان، دار الكتب العلمية: بيروت.

ابن الملقن، سراج الدين ابي حفص عمر بن علي. (٢٠٠٦)، طبقات الاولياء، تحقيق مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية: بيروت.

النبهاني، الشيخ يوسف بن اسماعيل. (٢٠٠٢)، جامع كرامات الاولياء، ضبطه و صححه عبدالوارث محمد علي، دار الكتب العلمية: بيروت.

الهجويري، أبو الحسن علي بن عثمان الغزنوي. (١٩٧٤)، كشف المحجوب للهجويري، ترجمة وتعليق اسعاد عبدالهادي قنديل، مكتبة الاسكندرية: مصر.

وردى، د. على. (١٩٩٤)، اسطورة الادب الرفيع، دار كوفان: لندن.

اليافعي، عبدالله بن أسعد بن علي بن سليمان. (٢٠٠٦)، خلاصة المفاخر في مناقب الشيخ عبدالقادر، تحقيق احمد فريد المزيدي، دار الاثار الاسلامية: سريلانكا.

[1] ناوی دلف کوڕی جحدر شبلییە، بنەماڵەکەی لە بنەڕەتدا خەڵکی خوراسانن و خۆشی لەشاری سامەڕا لە دایك بوە، هاوڕێیەتی جونەیدی کردوە، گرنگی بە عەشقی خودایی داوە و زیادەڕەوی لەم بوارە کردوە تا بوەتە هۆی ئەوەی بەشێتیان داناوە و خراوەتە نەخۆشخانە، ساڵی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) لە بەغدا مردوە. (الذهبي، ١٩٨٦: ٣٦٧/١٥-٣٦٩؛ ابن الخميس، ٢٠٠٦: ٦٣٥/٢-٦٣٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٦٨).

[2] أبي يزيد طيفور بن عيسى البسطامي، لەبنەماڵەیەکی مەجوسی بونە و دواتر موسولمان بونە، خۆی و دوبرای زاهید بونە و بایەزید ناسراوترینیانە، یەکێکە لەدیارترین سۆفییەکانی سەردەمی خۆی و کەراماتی زۆری لێدەگێڕنەوە، ساڵی ٢٦١ك/٨٧٥ز) مردوە. (القشيري، ٢٠٠١: ٣٧؛ العطار، د.ت: ١٨٣).

[3] ناوی ابو القاسم جنيد بن محمدە، بە جونەیدی بەغدادی ناسراوە، لە بنچینەدا خەڵکی نەهاوەندە، لە شاری بەغدا لەدایك بوە و گەشەیکردوە، بە زۆری ژیانی لەگەڵ گەورە سۆفییانی وەك (سري السقطي) خاڵی و (المحاسبي) گوزەراندوە، سەر بەمەزهەبی شافیعی بوە، لەتەمەنی ٢٠ ساڵی فتوای داوە، ساڵی ٢٩٨ك/٩١٠ز مردوە. (ابن خلكان، ١٩٧٧: ٣٧٣/١-٣٧٤؛ السلمي، ١٩٨٦: ١٥٥؛ الذهبي، ١٩٩٦: ٦٦/١٤-٦٧)

[4] شێخ عەدی کوڕی موسافیری هەکاری، سۆفییەکی ناوداری جیهانی ئیسلامییە، دامەزرێنەری تەریقەتی عەدەوییە لەوڵاتی هەکاری، هاوڕێی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بوە، گوایا موریدەکانی لەدوای مردنی زیادەڕەوییان کردوە لە خۆشویستن و ڕێزگرتنی، ساڵی (٥٥٧ك/١١٦١ز) لەلالش مردوە و لە تەکیەکەی خۆی نێژراوە (ابن المستوفي، ٢٠١١: ١٠٦/١؛ ابن خلكان، ١٩٧٧: ٢٥٤/٣)، لەئێستادا لەناو ئێزیدییەکان بە شێخ ئادی ناسراوە و پێگەیەکی دیاری هەیە لەو ئایینەدا.

[5] سوهرەوەردی ناوی شێخ ابو الفتوح شەهابەدین سوهرەوەردییە، ناسراوە بە (السهروردي المقتول)، لەشاری سوهرەوەردی باکوری ڕۆژئاوای ئێران لەدایك بوە، خاوەنی چەندین کتێبە، کە گرنگترینیان (حكمة الاشراق)ە، زیندوکەرەوەی فەلسەفەی ئیشراقە، تێڕوانینی فەلسەفییانەی ئێرانی و یۆنانی تێکەڵکردوە، پێیوایە هەمو شتێك تاریکە و تەنها نوری خودا دەتوانێت ڕوناکی بکاتەوە، سەر بە مەزهەبی شافعی بوە، لەسالی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) لە حەلەب کوژراوە. (ابن خلكان، ١٩٧٧: ٢٦٨/٦؛ ابن ابي اصيبعة، د.ت: ٦٤١)

[6] محي الدين ابن العربي: یەکێکە لەسۆفییە ناودارەکانی جیهانی ئیسلامی سەدەی شەشەمی کۆچی، سالی ٥٦٠ك/ ١١٦٥ز لەشاری (مورسیە)ی ئەندەلوس لەدایك بوە، دوای بەجێهێنانی فەریزەی حەج نەگەڕاوەتەوە ڕۆژئاوا و لەبەغدا نیشتەجێبوە، ٢٠ سالی کۆتایی تەمەنی لە دیمەشق بەسەر دەبات و سالی (٦٣٨ك/١٢٣٥ز لەو شارە کۆچی دوایی دەکات، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر شیعری سۆفیگەری و ڕێبازی سۆفیگەرییەوە هەبوە و خاوەنی چەندین بەرهەمی بەپێزە لەو بوارانەدا. (ابن خلكان، ١٩٧٧: ٢٩٦/٤؛ الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٧٤).

[7] دو کتێبی بواری سۆفیگەریین.

[8] بەهۆی مەودای دیاریکراوی توێژینەوەکە بەپێویستمان نەزانی درێژبڕی بکەین و کارەکەمان گێڕانەوەی چیرۆك لەخۆ بگرێت، جگە لەچەند نمونەیەکی زۆر زەقمان تۆمارکردوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچونەکانمان، بۆیە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشین بۆ زانیاری زیاتر بڕوانێتە: (حلية الاولياء، لواقع الانوار المعروف بالطبقات الكبرى، كواكب الدرية في تراجم السادة الصوفية، جامع كرامات الاولياء) و چەندی دیکە، ئەو سەرچاوانە ژیاننامەی سۆفییەکانیان تۆمارکردوە چیرۆك و بەسەرهاتێکی زۆری نائاسایی لەخۆگرتوە.

[9] ژمارەیەکی زۆری دەقی دیکەی هاوشێوەمان هەیە لەم بوارەدا، بەتایبەتی الشعراني لەکتێبی (الانوار القدسية) بەشێکی زۆری نوسینەکانی جەخت لەو بوارە دەکاتەوە، کە ئێمە چەند نمونەیەکمان وەرگرتوە.